# عاریفی سەدەی بیست و یەک

# بە کوردی ئەدوێ

## تەوەرێکی تایبەت بە ئەدەب و عیرفان، لەگەڵ ڕۆماننوسی بەناوبانگی جیهانی پاولۆ کۆیلیۆ


**ئامادەکردنی:**

**موئمین زەڵمی**

**وەرگێڕانی:**

**قارەمان جەمال　نەشمیل خالید　فاتمە جەلال　سۆران بورهان**

**کەژین عەلی　هێمن مەحموود　هەندرێن عومەر　موئمین یاسین**



**٢٠١٠ ی زایینی**

ناوی کتیب : عاریفی سەدەی ٢١ بە کوردی ئەدوێت
جۆر: تەوەر
ئامادەکردنی: موئمین زەڵمی
وەرگێڕانی : قارەمان جەمال، نەشمیل خالید، فاتمە جەلال، سۆران بورهان،
کەژین عەلی، هێمن مەحموود، هەندرێن عومەر، موئمین یاسین
چاپ: یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠١٠
تایپ: بەناز کۆیی
دیزاین: ناوەندی ڕاگەیاندنی میهر
ژمارەی سپاردن: ( ١٠٦٨ ) .

# پێشەکی

## بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

ئـەدەبو عیرفـان، بـە هـەردوو چـەمکەوە ئەگەرچـی، زیـاتر پەیوەسـتن بـە نـاخی مرۆڤەکانـەوە، بـەڵام کاریگەرییەکەیان هەر زوو لە روخسارەکانیشدا دەرئەکـەوێت، شـیعرێکی ناسـك وەك ئـەوترێ لـە گـەرمای تەمووزیشدا فێنکت ئەکاتەوە، لەو ئەگەرانەشدا بە گرنگییەوە پەیوەست ئەبین بـەو کەسـانەوەی کـە ئـەدیبن، نوسینیان لە گۆشەنیگایەکی گرنگەوە خستۆتە ڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا خوێنەران، یان تامەزرۆیانی بەرهـەمی ئەم ئەدیبانە سەریان بۆ شتی جوان ئەخورێ، دڵیانی ئاوی شیرینی ئەوێ.

تەنیایانی کونجی خەڵوەتگە، ئەگەر بە عاریفیش نەزانرێن، ئەوان وەك چۆن مرۆڤ ڕۆژوو ئـەبێت، شەوەکەشـی بە ڕۆژوو خۆی ئەبینێ، ئەوانیش خۆیان بە موریدی عیرفان ئەزانن، کەواتە بە مـانا جوانەکانیـەوە، عێرفـانو ئەدەب دوو خۆراکی زۆر بە تامی شیرین بینەرەکانی ژیانن، جوانتامزاکـەی دونیـان، ئـەوان لـە سـەروبەندی خۆدۆزینەوەدا عاریفانەو لە کـونجو کەلەبـەرەکانی عەشقیـشدا ئەدیبانـە پیاسـە ئەکـەن، قسە ئەکـەن، بیر ئەکەنەوە، تەنانەت ئەخەون، عاریفەکانی ئێمە کلۆشی گەورەبینینی ژیانن، بۆیەش ناگونجێ لـە عیرفـان پـیر بینو لە عەشق گەنج، لە ئەدەب سیر بینو ژیان برسی...

سالّی ٢٠٠٤ بۆ یەکەمجار ناوی ئەوم بینی، ڕەنگە ئەوە سەرەتای ناسینیـشی نـەبوویێت، چـونکە باسـێکم لێی بیستبوو، پاولۆ کۆیلیۆ ، پیاوێکی سپی لـە وشـە، لـە نوسـین، لـە خوێندنـەوە، لـە ئـەدەبو عیرفـان، بۆیەش لە ٢٠٠٥ کە توانیم لە ئەنتەرنێتەوە ئەدرێسو ناونیشانی وەربگرم، ئیمەیلی ئاشنـایەتیم بۆ نارد، تا ١ ساڵ هیچ وەڵامێکی نەبوو، لە ٢٠٠٦ دا دووبارە ئیمەیلێکیترم بـۆ کـردەوە، خۆشـبەختانە سـکرتێرەکەی وەڵامی دامەوە، عوزرخوایشی کرد لەوەی ناوی منی لا ئاشنایە، کە چێکی ئیمەیلە کۆنەکانیـشی کـردەوە، زیاتر ... قسەی کرد ، بە هەرحاڵ.... مەوعیدی یەکەم چاوپێکەوتنم لەگەڵ وەرگرت، بە هاوکاری شاعیری لاو ڕەوشت موحەممەد ، کە لە دارشتنی پرسیارەکاندا هاوکارم بوو، توانیم یەکەم دیمانەی مەبەستداری دەربـارەی ئەدەب، ڕۆمانو شیعر، لەگەڵ ساز بکەم [١].

بە دوای ئەوەش، هەوڵێیکترم دا بۆ ئەوەی لە چـەند تەوەرەیەکـدا پـاولۆ کۆیلیـۆ بـدوێنم، بـەڵام سـەرکەوتوو نەبووم، چونکە بە هۆی سەرقاڵیی زۆریەوە نەیتوانی وەڵامی ئەو کۆمەڵە پرسیارەم بداتەوە، کە بۆ تەوەرەکـە ئامادەم کردبوون.

---

[١] * دەقە کوردییەکەی لە ژمارە (٢٤٩) ڕۆژی (شەممە) بەرواری (٢٥/١١/٢٠٠٦) ی ڕۆژنامەی کۆمەڵ دا بلاّو کراوەتەوە.

* دەقە ئینگلیزییەکەی لە ژمارە ( ٨٨ ) بەرواری ( ٥-١١-٢٠٠٦) ڕۆژنامەی (Kurdish Globe) دا بلاّوکراوەتەوە.

ساڵی ٢٠٠٧ بۆ نوسینی ڕاپۆرتی وانەی (لێکۆڵینەوە، Research)، پێشنیاری ئەوم بۆ مامۆستاکەمان کرد، بە زەحمەتێکەوە ڕازی بوو، چونکە دەیوت من نایناسم، ئەوەش خەمێکیتر بوو بۆ ئێمە، بە هەرحاڵ... ڕاپۆرتێکی ٣٠ لاپەڕەییم لە سەر ژیانو وتارو نوسینەکانی ئامادە کرد، بۆ ئەوەش ڕای کۆیلیۆم وەرگرت، زۆری پێباشبوو، بەڵام دیسان لەبەر نەبوونی کات نەیتوانی هیچ بوارێکم بداتێ، لەو کاتەشەوە ئاشنایەتییەکمان پێکەوە پەیدا کردووە، بە تایبەت ئەگەر بڵێم زۆر دڵی بە کوردستان ئەکرێتەوە، چونکە زۆر خۆشحاڵ بوو بەوەی خەڵکێك لە کوردستانەوە ئەو ئەناسێ، پاش ئەوە ماوەیەش لە کوردستانی نوێ بینیم دیمانەیەکی لەگەڵ کرابوو، بەڵام نوسرابوو بۆ یەکەمجار بۆ ڕۆژنامەیەکی کوردی ئەدوێ، وا پێئەچێ ئەو برادەرانە ئێمە بە کورد نەزانن.!!!

لەسەر خەیاڵی خۆم سووربووم بۆ زیاتر ناساندنی ئەم نوسەرە بە خوێنەرانی کورد، بۆیەش لە هەنگاوێکیتردا، وەك عاریفی سەدەی بیستو یەك، کۆمەڵێك پرسیاری عیرفانیم بۆ نارد، دیاربوو ئەمەیانی زۆر پێخۆشتر بوو، پاش دوو هەفتە لە وەڵامدانەوەیان دیمانەیەکی جوانکیلەم لێ ئامادە کرد[2].

لە بەشێکی ئەم تەوەرەیەشدا هەوڵمدا دیمانەیەکو چەند بابەتیکی تایبەت لەسەر پاولۆ کۆبکەمەوە، لە وەرگێڕانی بەشێك لەو بابەتانەشدا (قارەمان جەمال، نەشمیل خالید، فاتمە جەلال، سۆران بورهان، کەژین عەلی، هەندرێن عومەر، هێمن مەحموود دەربەندیخانی) ئەرکی جوانی خۆیان بینی..

لە هەردوو تەوەرەکەوە، ئەدەبو عیرفان، جگەلە چێژێکی تایبەتی دوو ڕاستی زۆر گرنگم بۆ دەرکەوت:

یەکەم:

ئەدەب، بە هەر مانایەك لێکبدرێتەوە، لای خاوەنەکەی شیرینە.

پاولۆ، لە ڕۆمانی یانزە خوولەك دا لە بنی هەمانەکە ئەدا، بەڵام ئەو ... ئەدیب، بە ڕووت ئەبینێ، کە پێویستە ناخی لە سەر جادەکان بێ، لە وەڵامی پرسیارێکدا ئەڵێ، "لە کاتی نوسینی هەر ڕۆمانێکدا خۆم وەك ئافرەتێکی دووگیان ئەبینم، کە سکم پڕ ئەبێ لە نوسین" ، بەو مانایەش ناخێکی شاراوە نامێنێتەوە، کەواتە بە هەر لێکدانەوەیەکەوە بێت، بە ڕەچاوی پاکو پیسی ژیانیشەوە، پاولۆ جێگای گەورەی لە دڵی عاشقانو ئەدەبدۆستاندا داگیرکردووە.

دووەم:

لە بواری عیرفان دا، هەندێك عاریفی مسوڵمان هەن کە پێشی ئەکەون.

چونکە وشەکانی، ڕیزەکانی خەیاڵ، پیت چنینەکانی، وەك تەسبیحی زیکری، دایکێك دێنە بەرچاو، کە خەریکی چنینەوەی زیکرەکانیەتی، لە دێڕێکدا بە سەر سوڕمانەوە بۆی نوسیبووم " ناکۆکییەك نابینم لە نێوان دەقێکی پیرۆزی قورئانو وتە پیرۆزەکانو نوسینەکانی خۆم، چونکە قورئانو ئەرکە ئیسلامییەکان

---

٢ دەقی ئەم دیمانەیە لە ژمارە (٦٠) ڕۆژی دووشەممە بەرواری (٥-١-٢٠٠٩)ی ڕۆژنامەی (ستاندەر) دا بڵاوکراوەتەوە.

باکگراوندێکی زۆر باشیان لە نوسینەکاندا پێبەخشیوم"، ڕاستە ئەویش ئیمانداره، کاسۆلیکە، بەڵام بە سەرنجی نوسینەکانی، خوێندنەوەی ناخی، بۆت دەرئەکەوێ، وەك خۆشی وتی، ئەو ئاییینزایە، بێ ئایین هیچی پێناکرێ، ڕۆحیەتی خۆی بە ئاینەوە بەستۆتەوە.

بە هیوای ئەوەی توانیبێتم، خزمەتێك بە خەرمانی ڕۆشنبیری کوردی بکەم،و دوو مەڵۆی ئەدەب،و عیرفان، بەرەکەتی ڕۆشنفکری تاکی کوردیمان بێت.

هەولێر

٢٠١٠-١-٧



# بایۆگرافی پاولۆ کۆیلیۆ

وەرگێڕانی : قارەمان جەمال

- نوسەرو ڕۆماننوسی بەناوبانگی بەرازیلی (پاولۆ کۆیلیۆ) ساڵی ١٩٤٧ لە شاری (ڕیۆدی جانیرۆ) لە دایکبووە.
- پاولۆ بەر لەوەی سەرلەبەری ژیانی بۆ ئەدەب تەرخان بکات وەك دەرهێنەری شانۆو ئەکتەرو ڕۆژنامەنوس کاریکردووە.
- کۆیلیۆ گۆرانی لیریکی بۆ چەندین نمایشکاری بە ناوبانگی مووزیکی بەرازیلی نوسیووە وەك " ئیلیس ڕیگینان" و "رایتالی" تا ئیستا بە ناوبانگترین کاری لە گەڵ "راوێل سیگزاس" دا بووە.پێکەوە کارێکی سەرکەوتویان نوسی کە ئەویش" من دە هەزار ساڵ پێش لە دایك بووم"، کارە دڵڕفێن و گەڕانە ڕووحی یەکانی دەگرێتەوە بۆ ڕۆژانی ئاشتی و خۆشی، کاتێ بە جیهاندا دەگەڕا فێری نهێنیە کۆمەڵایەتییەکانی دەبوو،هەروەها لە ئایینی خەڵکانی ڕۆژهەڵات شارەزا بوو... هتد.
- یەکەم کتێبی لە ساڵی ١٩٨٢ بڵاوکردەوە بە ناوی (ئەرشیفە دۆزەخییەکان).
- پاولۆ نەیتوانی نەیتوانی بە یەکەم کتێب ناوبانگ دروست بکاو لەو بەرهەمەیدا سەرکەوتوو نەبوو.
- کارەکانی پاولۆ بۆ (٦٢) زمان وەرگێڕدراون و بە زیاتر لە ١٥٠ وڵاتدا بڵاو بوونەتەوە.
- ئەمەش ناوی هەندێك لە ڕۆمانە بەناوبانگەکانیەتی (کیمیاگەرانی سەدەکانی ناوەڕاست، کچە ئەفسانەییەکان، لە کەنار ڕووباری پیدرا دانیشتمو گریام، فیرۆنیکا بڕیار ئەدا بمرێت، شەیتانو خانمەکە ... تاد).

# ئەدیبێك لە گەورەییدا

# دەقی دیمانەیەكی ئەدەبییە لە گەڵ

# پاولۆ كۆیلیۆ

# پاولۆ كۆیلیۆ، ڕۆماننوسی بە ناوبانگی جیهانی:

# "من نوسەرێكی گەڕۆكی ئایینیم"

---

ئامادەكردنی: موئمین زەڵمی ـ ڕەوشت موحەممەد
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: موئمین یاسین

+ پاولۆ کێ یە؟

- من نوسەرێکی گەڕۆکی ئاینییم، کە هەمیشەو بە بەردەوامی گەشتی زۆر ئەکەم، خەڵکی جیاوازو شوێنی ئایینی جیاواز ئەبینم، فێری ڕێگاو ئاڕاستەی جیاوازی ئەم دونیایەش بووم، کە لە هەموویاندا لە مانای ڕاستەقینەی (بەندایەتی) نزیك بوومەتەوە، جا ئەو بەندایەتییەش تایبەت بووبێت بە پەرستشی خوا یان نا، کە ئەویش وەك دیاردەیەکی بە نرخ بەخشراوە بە مرۆڤایەتی بۆ ژیان، وا هەست ئەکەم من هاتووم بۆ ئەوەی باوەڕ بەو ڕاستیانە بهێنم کە کە لە گەڵ کەسایەتی تاکەکان ئەگونجێت، کە شتە خەیاڵیو ئەفسوناوییەکانەوە ببنە ڕاستی،و شۆکێك بە خەڵکی دروست بکەن، چین ئەو ئەفسانەو خەیاڵانەی کە تایبەتن بە تاکەوە ؟، ئەوەش ئەو هۆکارەیە کە دەبێت بزانین ئێمە بۆچی دەژین؟، ئێمە خەونو خەیاڵێکی فراوانمان هەیە بەڵام بە شێوەیەکی پێویست ئەو خەونانەمان ئەوانەی کە دایكو باوکمان یان کۆمەڵگەکەمان بۆ ئێمەی بەجێهێشتوون.

لە گەڵ ئەوەشدا پێویستە سەربەستو بە توانا بین لە بەجێهێنانی ئەو بیرۆکەیەی کە داخۆ خەڵکی چاوەڕوانییان چییە لێمان؟، سەبارەت بەوەش کە ئەمانەوێ بۆ ژیانی خۆمانی بکەین، نامەی (ڤیرۆنیکا بڕیار ئەدات بمرێت!) ئەوە دەگەیەنێت کە ڕووبەڕووبوونەوەو بەرەنگاری جیاوازە، تۆ کەسێکی لێهاتووی و هەروەها چاوەڕوانیشی لە بوونی خۆت وەك ئەوەی کە هەیت، لە بری ئەوەش هەوڵدان بۆ شتە بەنرخەکانی خەڵکی کە پێشتر هەیانبووە.

هەڵسوکەوتی نائاسایی (شێتی) وات لێ ئەکات، کە بجووڵێیت، وەك کەسێکی جیاواز، لە کەسایەتی خۆت، بەڵام ڕەوشتی ئاساییش ئەو توانا ژیرییەیە کە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆو پەستانێك دروست ئەکات لە سەر هەستەکانت، لە کاتێکدا کە تۆ ناترسی لە دابەشکردنی دڵت، تۆ کەسێکی زۆر سەربەستی لە ڕادەربڕیندا.

+ هەندێك لە نوسراوەکان بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراون، ئاگات لەو وەرگێرانانە هەیە، کە چۆنو بە چی شێوازێك کراون؟

- هەندێ هاوڕێم لە کوردستان هەیە، ئاگاداریشم لەوەی کە هەندێك لە کتێبەکانم وەرگێڕدراون بۆ کوردی، ئەگەرچی وەرگێڕانی هیچ یەکێکیان بە فەرمی نیـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا زۆر دڵخۆشـم بەوەی خەڵکانێك لە کوردستان خۆمو کارەکانم ئەخوێنێتەوە.

+ بە ڕای تۆ (شیعرو ڕۆمان) دوو دۆستن یان دوو دوژمن؟ داخۆ کامیان باڵاترە؟

- شیعرو ڕۆمان وێنەیەکی ڕوون و تەواوکراون لە ئەفراندن، بە بڕوای من نوسین ڕێگایەکـە ڕازە نهێنییەکانی ناخی خۆت دەر ئەخات، هەست ئەکـەم کـە ئـەزموونێك لـە هەسـتەکانی مـردنو زیندووبوونەوە دەچێژم.

کاتێك ئەنوسم وا هەست ئەکەم ئافرەتێکم دووگیان، سکم پڕ ئەبێ لە ژیان، و ناشـزانم کـە ئـەو کۆرپەیەی لەدایك ئەبێت شێوەی چۆنە؟ ماوەی دووگیانی من دووساڵ ئەخایەنێ، بەڵام تێبـینی هیچ شتێك

ناکەم، هیچ پلانو نەخشەیەکی ئامادەکراوم نیە، تەنها شتێك کە ئەزانم و هەسـتی پێدەکـەم کـە ژیان ڕام ئەژەنێو ناخیشم ئەو (تۆو)ەیـە کـە لەگـەڵ تێپـەڕبوونی کاتـدا گەشـە ئـەکاتو گـەورە ئەبێت، دوای تێپەڕبوونی ئەو کاتە دیاریکراوەش ئەوجا دادەنیشمو دەست ئەکەم بە نوسین.

ئاسـایی هـەموو بوونـەوەرێك ئـەخوازێت چـەند ڕاز و نهێنییـەك لـە ناخیـدا هـەڵبگرێت و بیانپارێزێ، من ڕازەکانی ناخم ڕەچاو ئەکەم بە بێ هەوڵدان بۆ تێگەشتن لێیان.

+ یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی تۆ ئەوەیە کە کورت ئەنوسیت. ئایا هەناسـەکانت کـورتن، یـان لەوە زیاتر ناتوانی بڕۆی؟

- لە نوسینەکانمدا هـەوڵ ئـەدەم بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ واتایـەکی زۆر لـە چـەند وشـەیەکدا کۆبکەمەوە، کە پێم وانیە ئەوەش نەگونجان یان تێکگیران بێت لەگەڵ ڕۆچوون لە بابەتەکەمدا ، بە بڕوای من ئەوەش نەگونجان نیە یان تێکگیران نیە، لەگەڵ ڕۆچوون لـە بابەتەکانمـدا بـە بـڕوای من ئەوەش بەشێکە لە دابەشکردنی ئاواتەکانی مرۆڤ، لە سەر باشترین ڕێگـا، وەك لـە مـاوەی گەشـتە ئاینییەکەمـدا بـۆ (سـانت جـەیرمس) سـاڵی ١٩٨٦ بـۆم دەرکـەوت. مـن هـاتووم بـۆ تێگەیشتن لەوەی کە کە گرنگترینو جوانترین تەوزیفکردن بۆ ژیان لە شوێنێکدا نەدۆزرێتەوە کە شتە زۆر سادەکان دایانپۆشیوم، بەوەی کە چۆن پەیوەندییـە مادییـەکان ژیانمـان داگیر ئەکـەن، ئەگەر نەتوانین بە واتا کەسێکی تێگەشتوو بین لـە نـاخی خۆمـان... وام لێدەکـەیت.. ئـەوە ئـەو

پرسیارەیە کە ڕووبەڕووی ژیان ئەبێتەوە، هەروەها ئەتوانیت کە خۆت هەڵبژێریت بۆ ئەوەی ببیتە کەسێك لە ژیانو خۆشتی لەگەڵ بگونجێنیت لە گەڵ بەشکانیتری ناخی خۆتدا.

هەروەك دەشتوانی ڕێگایەکیتر هەڵبژێری کە داخستنی ناخی خۆتە بەرامبەر بە ژیان، پاشان تۆ بە هیوای مامەڵە لەگەڵ مرۆڤەکانیتردا بکەیت، من ژیانم هەڵبژاردووەو پاسەوانی ڕووناکیو پیرۆزییەکانیشی ئەناسم، کە لە هەموو شوێنێکدان، بۆ خۆشم ئەبمە ئەو کەسە کە پێچەیت شۆفێری تاکسی بێت، یان ئەو کەسەی کە لە ناو پاسێکدا سەرت ئەتەوقێ بە سەرییەوە، پاشان ڕادێیت کە کارپێکردنی ئەو هێمایانە یان ئەو کەسانە، ئیتر ئەگەر هەرگیز ئەو کەسانەش نەبینیتەوە ئەوا دڵنیا دەبیت لەوەی کە ناخت دەیەوێت ئەو هێمایانە یان ئەو کەسانە بپارێزێتو دیداریان دواخات بۆ کاتێکی دیارینەکراو، لەگەڵ ئەوەشدا هەموومان پێویستمان بەوە دەبێت کەخۆمان ڕابێنین لەگەڵ بەڕاست وەرگرتنی ئەو هێمایانەدا پاشان کەسێکی کراوە بین بۆ بەرامبەرەکانمانو ئەو ئومێدو هیواو توانایەشمان تیادا بێت کە ناخمان دابەش بکەین بە سەریاندا..

+ ڕات لەسەر خەڵاتی نۆبڵ لە بواری ئەدەبدا چییە؟

- پێموایە کە خەڵاتی نۆبڵ هەڵبژاردنو دەستنیشانکردنی کۆمەڵێك خەڵکی بە تواناو بلیمەتە، هەمیشە هەڵبژاردنێکی ڕاستەوخۆش دەبێت، کە کەسێکی ڕاستگۆی دیاریکراو بە ڕاستگۆیانە هەڵدەبژێرێت.

+ کاری داهاتووت چییە؟

- کتێبە نوێیەکەم (جادووگەری پۆرتۆبیلۆ) کە لە (دوورگەری ئیبیریان) لە ئەمریکای باشوور بڵاوبوویەوە، کتێبەم ڕێگایەك بوو کە توانیم لێیەوە لایەنە شاراوەکانی ڕەگەزی (مێ) بدۆزمەوە، کە لەگەڵماندا دەژین، هەروەك سودم وەرگرت لە شتە دانەپۆشراوەکانی (مێینە) ئەوانەی کە لە سەروشتەوە خوا پێی داوە، پاشان بڕیار ئەدات کە بە دوای تاکە بەرانبەرکەیدا (نێر) بگەڕێ بۆ ئەوەی ناخی خۆی چاکتر بناسێت. من هەمیشە سەرگەرمی نوسین نابم، هەموو دووساڵ جارێك شتێك ئەنوسم، بۆیەش هەموو دووساڵ جارێك لە پەنا کۆمپیوتەرەکەمدا دائەنیشمو بە خۆم ئەڵێم کە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە، کە هەموو ئەو بیرکردنەوەو تەوزیفانەی لە

**مێشکمدا کۆبوونەتەوە بە پلانێکی فیزیایی دایانبڕێژم، بە ڕاستی هەست ناکەم کە کاتە ئاساییەکانیترم وەك ئەوە وابێت، خۆم و کۆمپیوتەرەکەم بە تەنیا ئەبین.**

**ئەوەش وەرگرتنێکی فراوانتری ڕوخسارە دوورینەکانە، وەك لە دەستدانی بیرو ڕووناکی تاکەکان، هەندێ جار ناتەوێ هیچ بنوسی چونکە تۆ ناتەوێ بە دوای خۆت بکەویت، کە بێگومان ئەوەش هیچ نیە لە چاو لە دەستدانی سەرچاوەکانی (سرووش) ئەوانەی کە بیرت ڕووناك ئەکەنەوە، چونکە سروش بەردەوام لە گەڵتدایەو ئەتهەژێنێ و ئەزموونی نوێت لێوە دەر ئەخات.**

# عاریفانە، ژیان تامێکیتری هەیە

## ڕۆماننوسی بەناوبانگی جیهانی پاولۆ کۆیلیۆ:

## "ئەوەی لەم جیهانەدا دەبینرێت موعجیزەی خودایە"

ئامادەکردنی: موئمین زەڵمی

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: موئمین یاسین

توانای دانیشتن ئەگەر لە ڕێگەی ئەلیکترۆکانیشەوە بێت کارێکی ئەستەمە لەگەڵ کەسێکدا کە تەواوی ژیانی وشەی لێ بەر ئەبێتەوە، پاش ئەوەی چەند ڕۆمان‌و نوسینێکی کران بە کوردی‌و لە بازاڕەکاندا بە ئێستاشەوە بڵاوکرانەوە، زۆربەی ئەوانەی ئەیانخوێندەوە باوەڕیان وابوو (پاولۆ) تەنها جەستەی مرۆڤەکان ئەبینێ، تەنها ئەیەوێ مامەڵە لەگەڵ روخساری مرۆڤەکاندا بکا، بەڵام ئەوەندی لێی گەشتووین عاریفانە ژیانی بینیوە، لەم دیمانە تایبەتەدا لەگەڵ نوسەرو ڕۆماننوسی بەناوبانگی جیهانی (پاولۆ کۆیلیۆ) چێژێکی زیاترمان لە خوێندنەوەی ناخی ئەم پیاوە وەرگرت:

+ : لە شوێنێکدا دەڵێیت: " جیهان دیوی بینراوی دەسەڵاتی خودایە!" لەم قسەیەتەوە وا تێ ئەگەم کە جیهانی ئاشکرات فەرامۆش کردووە، بۆ جیهانی ناوەکیش، بە ڕای تۆ ئایا مرۆڤ دەتوانێ هەموو شتێك دەربارەی جیهانی ناوەکی بزانێت بە بێ گەڕانەوە بۆ ئایین؟

_ : من جیهانی دەرەکیم فەرامۆش نەکردووە، بڕوام وایە ئەم جیهانە دەسەڵات دانەوەی خودایە لەسەر زەوی، ئەگەر بەراوردیش لە نێوان ئەم دوو جیهانەدا بکەین، ئەوا بۆمان دەر ئەکەوێت ئەو کەسەی ئەو بەراوردە دەکات بۆی ڕووندەبێتەوە کە ئەوەی لەم جیهانەدا دەبینرێت موعجیزەی خودایە.ئەوەشم گوتووە کە باوەڕم وایە لە گەڕانی ئێمە بە دوای واتاکاندا ئەوە دەرئەکەوێت کە تەنها ئەوەی لە باوەڕی قووڵی ئێمەوەیە دەگونجێ بتوانین ئەو دەروازەیە بدۆزینەوە کە ڕێنوێنیمان دەکات بەرەو باوەڕێکی پتەو بە خودا، بۆ ئەمەش یاسای سنوردارمان نیە، بۆ ئەوەی بە درەوشانەوەیان وەریانبگرین وەك روناکی بینراو،وەك خۆر، خودا زۆرترین هێڵی هەیە، بۆیەش چەند ڕێگایەکی زۆرمان هەیە بۆ ئەوەی وەریانبگرین‌و لە گەڵیاندا ببین بە یەك.

+ : لە زۆربەی نوسینەکانتدا نیگایەك لەودیو سروشتەوە ئەخوێنرێتەوە، سەرچاوەی ئەم وێناکردنە لە چییەوەیە، ئایا هیچ پەیوەندییەکی بە ئایینەوە هەیە؟

_ : پێشەکی ئەبێ ئەوە بڵێم کە ژیانی من سەرچاوەی سەرەکی‌و دارێژەری تەواوی نوسین‌و کارەکانمە، بە هەمیشەییش ئاماژە بەو شتانە ئەکەم کە بینیومن یان بیستوومن‌و یان هەستم پێکردوون بۆ ئەوەی گوڕێکیتر بە شەپۆلە نوسینەکانم بدەم.هەمیشە وایدادەنێم کە نوسین

پاییزی وشەکانە، جارێکیان هەوڵمدا کە دووربکەومەوەو ماوەیەك بە تەنیایی بژێم ، دواییش کتێبێکی زۆر خراپم نوسی (پاشتر سڕیمەوە)، ئەم ئەزموونە ئەوەی زیاتر بۆ ڕوونکردمەوە کە کاتێك ئەتوانم لە نوسیندا سەرکەوتن بە دەستبێنم کە لە فەزایەکی پەیوەست بە خەڵکیترەوە بژیم، و هەوڵی ململانێ لە گەڵ ژیاندا بدەم (مەبەستم ململانێی دەرەکی نیە).

ژیان سەرەکیترین سەرچاوەی نوسینەکانی منە، پاشتر کتێبە نوسراوەکان، کە بە خوێندنەوەیان دونیایەك ئیلهام ئەبەخشن، هەروەها ژمارەیەك نوسەر کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەرم هەبووە، وەك جۆرج بۆرجس، هێنری میللەر، ولیام بلەیك و جیبران خەلیل.نوسینەکانیان ڕێبەرێکی ڕووناکیدەر بوونو پێشەنگی ژیانم بوون، وشەکانیان، بۆچوونەکانیان رۆحیان تێر کردووم، ناخیان پڕ کردووم لە توانای جوڵە بەرەو نوسەری..

بە دڵنیاییەوە ئایین سەرچاوەیەکی ئیلهام بەخشە، ئەوەش نەك تەنها لە سەدەی نوێدا، (من کاسۆلیکم)بەڵام زۆرێك لە ئایینەکانیتر کاریگەری ڕووحیان لەسەرم هەبووە، لە (ئەلکیمێست) دا ئەو ڕاستییەم درخستووە، قورئانو ئەرکە ئیسلامییەکان باکگراوندێکی زۆرباشیان پێبەخشیم کە بتوانم وێنەکانم بکێشمو وشەکان ڕیز بکەم.

+ : دەڵێی "خودا هەنگاوەکانمان بە پێی ڕیگاکانمان دیاری ئەکا"، ئەم ڕایە تەواو لە فیکری ئیسلامی ئەچێ، چۆن توانیت ئەم لێکچوونە بەمشێوەیە ڕێکبخەیت؟

_ : لێکچواندنی نێوان بیروڕای منو فیکری ئیسلامی شتێکی زۆر ئاساییە، وەك دەقێکیتری پیرۆزم نەخشاندووە "هیچ شتێکی نوێ لە ژێر خۆرەوە نیە". ئایدیاکان، ئەوانەی من بەردەوام هەوڵی ڕوونکردنەوەیان ئەدەم بۆ خەڵك، پەیوەستن بە هەموومانەوە،ئەوەش بە هۆی ئەوەی کە هیچ شتێك نیە کە سەرەداوێکی لە روحی مرۆڤایەتیو وێناکردنەوە وەرنەگرتبێت.

هەر ئەوەش وام لێدەکات کە چیرۆکە گێڕانەوەکان بە شێوەیەك ببینم وەك پێشتر گێڕابێتەوە، بۆیەش دەبنە تێرکەری ڕۆحی جیهان.

نوسەرەکان یەکەمینو ناسراوترین گەینەرەکانن، ـ داهێنەرەکانو بە دڵنیاییەوە (دۆزەرەوەکان)یش سەرچاوەی مێژوویی هەستکردنو وێناکردنن.

+ : لە سەردەمی تەکنەلۆجیادا مرۆڤ چەندە پێویستی بە ئایینە، ئایا ئایین دەتوانێ سارێژکەری برینەکانی مرۆڤ بێت؟

_ : بڕوام وایە کە زیاد لە پێویست دەبێت مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕەکەی، بەڵام پێویستە سود لە تەکنەلۆجیاش وەربگیرێت "جیهانە تازە ئازاکە". هۆکاری ئەمەش زۆر ئاسانە، تەکنەلۆجیا تەنها ئەتوانێ ئەوە دەرخات کە (چۆن) شتەکان ڕوو دەدەن، بەڵام ناتوانێ کاریگەری لە سەر ئەوە هەبێت (بۆچی) ڕوودەدەن.

سەرەکیترین هەڵەش کە کۆمەڵگەی تەکنەلۆجی ئێمە تێی کەوتووە ئەوەیە کە بڕوامان وایە لە پشتی (چۆن) ەوە جیهانێکیتر نییە. وامان لە خۆمان کردووە کە نەتوانین بگەینە پشتی ئەم جیهانە مادییە، بۆیەش ئێستا رووحەکانمان زۆر دوورن لە دونیای ناوەندی شتەکانەوە.

وەك وتمان، ئێمە پێویستمان بە جۆرێکیتر خۆراك هەیە، ئەو خۆراکەش نەبینراوە بەڵام زۆر پێویستیشە، دەبێت خۆمان ببەستینەوە بە شتە زۆر بەرزەکانەوە، بۆ هەستپێکردنینان، وێناکردنیان، خوازیارییان، ئەگەر هەندێك بتوانن ئەم زەمەنە تێپەڕێنن بە بێ سود وەرگرتن لە بیرو باوەڕێکی تەواو.ئەوە خوازیارییە،بە نیسبەت خۆشمەوە دەزانم پێویستییەکی تەواوم بە بیروباوەڕ هەیە بۆ ئەوەی بتوانم خۆم بدۆزمەوە لەم جیهانەدا.

+ : بە ڕای تۆ ئایا مرۆڤ ئەتوانێ هیچ شتێك دەربارەی جیهانی ناوەوە بزانێت، یان بۆ ئەو ئەرکە پێویستە بگەڕێتەوە بۆ ئایین؟

_ : ئەوە هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر وا بزانرێت تەنها ئەوانە ئەتوانن بگەنە ئەم وێنەیە کە ڕۆشنبیییان هەبێت، سەینس پاوڵ دەڵێ " لەگەڵ ئەوەشدا کە من زمانەوانی مرۆڤ و فریشتەکانم، ئەگەر بە بێ موحیببەت قسە بکەم، ئەوا لەو دەهۆڵ ژەن زیاتر نیم کە ئاوازەکان ئەژەنێ" (نامەیەك بۆ کۆرنسێنس ١٣:١)، پێویستە ئەوەش بڵێم کە باوەڕم وایە ئایین ـ هەر ئاینێك بێت ، جوانترینو باشترین ڕێگەی پەرەستنشی خوایە.

## پاولۆ کۆیلیۆ، نووسەرە گەورەکەی بەرازیل:

# " نووسینەکانم بەشێکن لە ئارەزووەکانم "

## سەفەرێك بۆ ئەهرامەکان

---

**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:**

**هێمن مەحموود**

نووسەری بەرازیلی ( پاولۆ کۆیلیۆ ) سەردانی قاهیرەی پایتەختی میسری کرد و ڕۆژنامەی (الحیاە) ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵدا ساز داوە..

+ ـ ئامانج لەم سەردانە چییە ؟

- : ئەمە یەکەم سەردانم نییە بۆ (قاهیرە) پێشتر پێش بڵاوبوونەوەی کتێبەکەم (الحاج کومبوستیلا) لەساڵی ١٩٨٧ سەردانیم کردووە، ئەو کاتە بە شێوەیەکی بەربڵاوی وەك ئێستا بەناوبانگ نەبووم، وەك کەشتیارێکی ئاسایی هاتم، بەڵام کاتێك لەبەردەمی ئەهرامەکاندا وەستام هەستم بە ترس کرد و حەزیشم لە ڕۆشتنی سەحرا بوو، ئەو کاتە کابرایەکم لەگەڵدا بوو بەناوی (حسان) کە کابرایەکی زۆر سەخاوەتمەند بوو لەگەڵمدا و بڕواشم وایە جارێکی دی هەرگیز نایبینمەوە، لەو سەحرایەدا پێم وت نوێژ بکە، لەنوێژەکەدا دەیوت ( خودایە بمخەرەوە سەر ڕێگای خۆت ئەگەر دوور کەوتمەوە لێی ) هەر لەو سەفەرەیشدا بوو کە سەرەتاکانی ڕۆمانی (کیمیاگەر) لە خەیاڵمدا چەکەرەی کرد و بوو بەهۆی بەناوبانگ بوونم .

ئیدی هیچ فرسەتێکی دیکەم بۆ هەڵنەکەوتەوە سەردانی قاهیرە بکەم، تاوەکو ئەوکاتەی دکتورە (هبە ڕۆوف )م لە(کۆمەڵەی باشور بۆ ڕۆشنبیری وگەشەسەندن) چاوپێکەوت لە سویسرا و فیکرەی ئەم سەفەرەی دا پێم و منیش ڕازی بووم، زیاتر لەوەش من لەسەر مەسروفی خۆم هاتووم سەرەڕای ئەوەی دەبێت بڵاوکەرەوەکەم مەسرووفم بکێشێت عادەتەن وەك بەشێك لەپرۆژەی نووسینەکەم .

هەر بەهۆی ئارەزووشم بوو بۆ ئەم سەفەرە کە هەموو پرۆپاگەندە کردنێکم بۆ ڕۆمانە تازەکەم (الزهیر) ڕاگرت کە لە(٨٣) وڵاتدا بڵاو دەکرێتەوە وە چاپی یەکەمی تیراژی ( ٨ ) ملیون دانە بوو.

+ : چاودێران سەرنجی ئەوەیان داوە کەلە بەرنامەی سەردانەکەتدا دەزگا ڕۆشنبیرییە ڕەسمیەکانت پشتگوێ خستووە، ئایا ئەوە بەهۆی هەڵوێستێکەوەیە لەو دەزگایانە ؟

- : کارەکە بەو شێوەیە نییە وەك گومانی دەکەین، بەڵام میوانداریەکە لەلایەن ئەم کۆمەڵەیەوە و منیش ڕێزی ئەو بەرنامەیە دەگرم کەبۆم دانراوە، هەروەها خۆم حەزیشم لەوەیە کە لەگەڵ خوێنەران و هەندێك نووسەردا بەردەوامیم هەبێت، ئەمە جگە لەوەی کە گەیشتن بە ڕێگایەکی لەبار بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانم لە وڵاتێکی گەورە و گرنگی عەرەبییدا کە

(میسر) كە بەداخەوە زۆرێك لەكارەكانم بەشێوەیەكی نایاسایی بڵاوكراونەتەوە، ئەوەی خەمی سەرەكی منە ئەوەیە كە كارەكانم بەشێوەیەكی چاك بگاتە خوێنەری عەرەبی .
كێشەكە بە تەنها كێشەی پارە نییە، بەڵكو ئارەزووی دەربڕینی سوپاسێكە بەرامبەر ڕۆشنبیرییەك كە كاریگەری لە دروست بوونی مندا هەبووە .
+ : بە دیاریكراوی ئەم ڕۆشنبیرییە چی پێ بەخشیویت؟
- : ئەگەر سەرنجت دابێت سێ ناونیشانی كارەكانی من لە عەرەبییەوە وەرگیراوە ئەمەش شتێكە بە سوتفە ڕوی نەداوە بەڵكو دەربڕی ئەو كاریگەرییە قوڵەیە كە ئەم ڕۆشنبیرییە لەمندا جێهێشتووە .
من لە شارێكدا گەورەبووم كە چەندین ناسنامەی جیاواز جیاوازی لەخۆگرتووە لە نێویاندا ناسنامەی عەرەبی كە ژمارەیەكی ئێجگار زۆری جالیەی لوبنانی تیادابووە . هەروەها ڕۆشنبیری عەرەبیش لەسەر ئاستی حیكایەتە دەستاو دەستەكان لە ژیانی ڕۆژانەدا ئامادەگییەكی بەرچاوی هەبووە بەتایبەتی لە كتێبە مناڵانەكاندا .
هەروەها نابێت فەزڵی نووسەر و مامۆستایەكی وەك ( بۆرخیس ) م لەبیر بچێت كە فێری كردم چۆن لەگەڵ كتێبی ( الف لیلە ولیلە ) دا خۆم بگونجێنم كە ئەمەش لەڕێی گەڕانەوەیەكی بەردەوامەوەیە بۆ جیهانە سیحرییەكەی كتێبەكە كە ئارەزوی كەشفكردنی زیاتری ناوەڕۆكەكەی لەڕێی خوێندنەوەیەوە، ئەم كتێبەش گرنگترین شتێكە كە من لەژیانمدا خوێندبمێتەوە و قەرزارباری ( بۆرخیس ) یشم .
+ : ئایا لەو باوەڕەدایت كە ڕەنگە بەهۆی ئەم كاریگەرییەوە بێت، زۆرتر كارەكانت لەسەر شێوازی حیكایەتە تاوەكو زیاتر مەیلیان بۆ ڕۆمان هەبێت ( بەمانای بینایەكی هونەری ئاڵۆز ) ؟
- : بەڵێ، تاڕادەیەك ئەمە ڕاستە ، ئەمەش هەڵقوڵاوی ئیمانمە بەسروشتی گێڕانەوە لەم كتێبە نەمرەدا .
+ : ئەوەندەی من لەسەر كارەكانی تۆ خوێندومەتەوە هەستم بەوە كردوە كە ڕەخنەیەكی گاڵتەئامێز بە زمانە سادەكەی لەسەر كارەكانت ئامادەیە تەنانەت هەندێك لەڕەخنەگرەكان لە جیهاندا كارەكانی تۆ لەوەی كە بە ئەدەبی ( واقیعیەتی سیحری ) ناودەبرێت حسێب ناكەن،

هەروەها لەخانەیەك پاشتری ئەو نووسەرانەدایت كە سەر بەم ڕەوتەن سەرەڕای بڵاوبوونەوەی زۆری كارەكانیشت؟

- : سەرەتا ئەمە بەهیچ شێوەیەك بێزارم ناكات، ئەگەر یەكێك لەو ڕەخنەگرانە لەگەڵمدا بهاتایە بۆ سەحرای وڵاتەكەی تۆ داوای لێدەكردم كە زۆربە ئالۆزی ئەو بینینە وەربگرم لەكاتێكدا كە من وای دەبینم جوانترین شتێك لەم سەحرایەدا سادەییەكەیەتی.

هەروەها من ناتوانم كارەكانی خۆم هەڵبسەنگێنم، ئەوە كارێكە دەبێت خەڵكی دیكە بیكەن، بڕواش ناكەم شتێك هەبێت ناوی ( واقعیەتی سیحری ) بێت زیاتر لەوەی كە ناوێكە ڕۆژنامەكان دایانهێناوە وەك ئاماژەیەك بۆ ئەدەبێك كە لەناوچەیەكی جیهاندا دەنووسرێت ئەمەش وەك ئاسانكردنی كارێك كەنووسین دابەش دەكاتە سەر ناوچەكاندا .

بەڵام ئەوەی دەزانم ئەوەیە كە من لەوانی دیكە جیاوازم وەك چۆن دان بەوەشدا دەنێم كە ئەوانیش لەمن جیاوازن، هەموو نووسەرێكیش جیهانی خۆی هەیە .

+ :( بەیارمەتیت ) وەك سەرنجم داوە هەمیشە تۆ ئاماژە بە زۆری ژمارەی فرۆشتنی كتێبەكانت دەكەیت كە زۆر گەورەیە ، ئەمەش وەك هەوڵێك بۆ ترساندنی بەرامبەرەكەت كە منیش یەكێكم لەوانە؟

- :(هەندێك پێدەكەنێ ) كارەكە بەم جۆرە نییە، بەهیواشم بەشێوەیەك لەشێوەكان وەك لە خۆبایی بوون و غرورێك تەماشا نەكەیت، بەڵام ئەوەی مەبەستمە لەپشتی ئەو ژمارانەوە ئەوەیە كەوا پەیامەكەی من گەشتووە و چی دیكە من لەم جیهانەدا بەتەنها نیم وەك چۆن لە پێش نووسینەوە بە تەنها بووم .

+ : هەندێك كتێبەكانی تۆ دەخەنە كارە ڕۆحییەكانەوە، بەڵام ئەوەی مایەی سەرسوڕمان بوو ڕۆمانی ( ١١ خولەك ) ت نووسی، كە ئاراستەیەكەی ئیرۆتیكیەتی سەیر لەلایەن خوێنەرەكانت دروست دەكات؟

- : ئەمە هیچ گۆڕانكارییەك نییە لەسروشتی ئەوانەی كە من دەینووسم وەك ئەو بەڕێزانە وا گومان دەبەن، وەك وتم من لەهەموو نووسینەكانمدا بەشێك لە ئارەزووەكانم ڕەنگ دەداتەوە، لەو كتێبەدا بەهەمان شێوە بەدوای ئاشكردنی هەندێك لە ئارەزووەكانی خۆمەوەم .

+:لەم کتێبەدا ( ١١ خولەك ) پشت بە نووسراوێکی زارەکی سۆزانییەکی بەرازیلی دەبەستیت و هەموو ڕۆمانەکەش لەم چوارچێوەیەدا دەخولێتەوە، ئایا تۆ هەموو جار کارەکانت لە ئیلهامێکەوە وەردەگریت کە بۆت دەگێڕنەوە یان دەیخوێنیتەوە وەك ڕۆمانەکەی سەرەوە .

- : من لەهەموو نووسینەکانمدا پشت بەم شێوازە نابەستم، بەڵام کاتێك حیکایەتێکی کاریگەر دەبیستم بیر لەوەدەکەمەوە لەو چوارچێوەیەدا بەکاری بهێنم، هەر ئەمەش لەم ڕۆمانەی دوایمدا ( الزهیر ) ڕوویداوە، ڕۆمانەکە پشت بە نامەکانی پەیامنێرێکی ڕۆژنامەوانی جەنگ دەبەستێت و بۆ ڕۆژنامەی ( الصندای تایمز ) ئیش دەکات و ناوی ( کریستین لامب ) ە ، من حیکایەتەکانیم وەك چوارچێوەیەك دارشتووە کە بیروبۆچوونەکانی خۆم لەخۆ دەگرێت .

+ : بەرلەوەی دەست بکەیت بە نووسینی ڕۆمان هەندێك کاری دیکەت کردوە، لەجیهانی ڕۆژنامەنووسیەوە دەستت پێ کرد و بەشانۆگەری میللی و دانانی گۆرانیشدا ڕەت بوویت، ئایا هیچ کات حەنینی گەڕانەوە بۆ ئەو ئەزموونانە دات ناگرێت ..؟

- : من هەموو جار دەمنووسی و پاڵنەری سەرەکیشم بۆ کردنی ئەو ئیشانە تەنها نووسین بووە وەك ئامانجی کۆتایی، کاتێکیش کە ئامانجەکەم بەدیهات پێویست نەبوو دووبارە بگەڕێمەوە بۆ ئەو کارانە. دواتریش هیچ لەحزەیەکی حەنینم نییە بۆ ئەو ڕابردووە، کە پڕی بووە لە ئازار و برینداربوون و سێ جاریش لە زیندان و چەند مانگێکیش لە نەخۆشخانەی دەروونی.

+ : ساڵانی پێشووی تەمەنت ماوەیەکی زۆری خەباتکردنی لە ژێر دروشمەکانی مارکسیەتی چەپی تیادایە، ئایا چ شتێك ماوەتەوە لە پاشماوەی ئەو ساڵانە ؟

- : بەڵێ لە ساڵەکانی گەنجێتیدا چەپ بووم و کارل مارکسم دەخوێندەوە، بەڵام کاتێك ( البیتلیز)و (الهیبیز)م دۆزییەوە، وازم لە مارکس هێنا .

بەڵام بڕواکانم بە دادگەریی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و بەهاکانی پێشکەوتن و یەکسانی تاوەکو ئێستاش هەر ماوە، خوێنەری ڕۆمانەکانیشم زۆر بە سانایی ئەوەی بۆ کەشف دەبێت کە من پاڵەوانەکانم دەخەمە ژێر باری بەرپرسیارێتییەوە لە جیهاندا نەك هەر بە تەنها هیوایان بە چاککردنی یان گۆڕینی دونیا هەبێت، بەم مانایەش من تاوەکو ئێستا مارکسیم .

# لە هاوڕێیەکەوە بۆ هاوڕێیەك

# دەقی وتارێکی ڕۆماننوس

# پاولۆ کۆیلیۆ

---

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:

هێمن مەحموود

کاتێك لەرێگای خوشکەزاکەمەوە بەر لەدوومانگ لە چاپکردن و بلاوکردنەوەی کتێبە تازەکەم (سیحربازەکەی پۆرتۆپیلۆ) زانیم کە کتێبەکەم لەگەڵ سەرنج و تێبینی موحەریرەکاندا لەسەر ئەنتەرنێت بلاوکراوەتەوە، هەستم بەدڵتەنگی و بێزاریکرد.

پرسیم : بڵێی کێ...؟ ئەوە شتێکی سروشتیە کە هەنگاوی دوای ئەوەم گەڕان بێت بەدوای دەقی کتێبەکەدا و بیدۆزمەوە، ئەنجامیش هیچ بوو، هەرچەندە خوشکەزاکەشم نوسخە ئەسڵییەکەی پێ پیشاندام.

بڕوام وەهابوو کە ئەم نوسخەیە لەلایەن یەکێك لەو پێنج کەسەوە نێردراوە کە هەمیشە بەرلەبلاوکردنەوەی کتێبێکم پیشانیان دەدەم.

ئەم گریمانەیەش بەمانای گومان کردن دێت لەو کەسانەی خۆشت دەوێن، لەو کەسانەی چەندین ساڵە دەقەکانیان بۆ دەنێرم.

ئەم بیرۆکەیەم هەرزوو رەتکردەوە چونکە لەپێشتردا هیچ شتێکی وەهام لێنەدیبون، هەروەها دزەکردنی کتێبەکەش بۆ سەر ئەنتەرنێت لەبەرژەوەندی خۆیاندا نیە چونکە داهاتەکەی لەبلاوکردنەوە و چاپکردنیایەتی.

هەربۆیە بریارمدا واز لەوە بهێنم کێ ئەو کارەی کردوە، زۆرم کرد لە خوشکەزاکەم کە تەمەنی ٢٤ ساڵە تاوەکو پێمبڵێ چۆن توانیویەتی ئەو نوسخەیەی دەست بکەوێت، دوای دوو دڵیەکی درێژ بڕیاریدا کە ئەو جیهانەم بۆ ئاشکرابکات کە من سەرەڕای گەڕانی بەردەوامم لە ئەنتەرنێتدا بۆ ماوەی دە ساڵ نەمتوانیوە پەی پێببەم.

جیهانێك کە هیچ شتێکم لێ نەدەزانی و لەهەمانکاتیشدا کارێکی موستحیلە بەسەریدا زاڵ بیت (وەك دواتر رونی دەکەمەوە).

لەگەڵ درککردنم بەوەی کە بێ سودە روبەروبونەوەی موستەحیل، کەچی داوای ئەوەم لەخوشکەزاکەم کرد ئەو سایتەم پێ پیشانبدات، بەمانایەکی تر لەماوەی چوار کاتژمێردا بوم بە "چەتە"، خوشکەزاکەشم سوربو لەسەر ئەوەی کەهیچ هەڵەیەك لەوەدا نیە، ئەمەیە روشنبیری ئەنتەرنێت کە جیهان دەگۆڕێت، نەوەك رێپێوانەکانی دژە جیهانگری. رۆشنبیری ئەنتەرنێت چیە؟ بەپێی تێگەشتنی کچەکەی خوشکم ئەوەیە تۆ مافی بنەڕەتی ئەوەت هەیە دەستت بگات بە زانیاری و چێژ، ئەگەر پارەت هەبوو بۆ کڕینی کتێب ئەوە کارێکی باشە برۆ کتێبەکە بکڕە

چونکه چێژی خوێندنەوە بەو شێوەیە گەورەترە، بەلام ئەگەر پارەت نەبوو، مافی خۆتە کە بەدوای هۆکارێکی دیکەدا بگەڕێیت بۆ ئەوەی پێی بگەیت.

چۆن؟ لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت ناوچەیەکی نەناسراو هەیە کە پاش ئەوەی لە فەرهەنگێکی خۆڕایی ئەنتەرنێتدا بەدوای ماناکەیدا گەڕام ناوی" لەهاوڕێیەکەوە بۆ هاوڕییەك"ە. ئەم پێگەیە چۆن دروستبوە؟ خوشکەزاکەم دەڵێت سەرەتاکانی ئەم پێگەیە لە ئارەزووی قسەکردن بوە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، دواتر پێویستی قسەکردن بوە لەگەڵ چەند کەسێکدا لەیەککاتدا، بەلام ئەم قسەکردنانەش کافی نەبوە، هەربۆیە دەبوو میوزیك و فلیم و ئەو کتێبانەش بخەینە روو کە خۆشماندەویستن. چونکە هیچ یاسایەکیش نیە دژی ئەوەبێت، هەربۆیە بەئازادی ئەوەی لامانبوو دەمانگۆڕییەوە، دواتر ئەو کەسانەی کە لەدروستکردنی پێگەکاندا کاریان دەکرد زانیان چی روودەدات ویستیان سنورێك بۆ ئەوە دابنێن، بەلام گەنجەکانی ئەنتەرنێت پێشیان کەوتن و ئەگەر پێشتر ئەم کارانە هەر لەنێو هاوڕێیاندا مابێتەوە، ئێستا بۆ هەموو ئەوانەی کە ئارەزووی لێدەکەن کراوەیە. کارەکەیش بەجۆرەیە: کتێبێك دەکڕم، ئەگەر حەزبکەم لێی وێنەی هەموو پەڕاوەکانی دەگرم و دەیخەمە سەر کۆمپیوتەرەکەم، لەهەمانکاتیشدا پێگەکە دەکەمەوە تاوەکو ئەوانی دیکە بێنە ژوورو و دەستیان بکەوێت.

من هەمووجار پێگەکە دەکەمەوەو دەڕۆمە کۆمپیوتەرەکانی ئەوانی دیکەوە بۆ ئەوەی هەرچی شتێك کە سەرنجم رادەکێشێت ببەم ( میوزیك و فلیم هەموجار).هەربۆیە هێدی هێدی ئەو شتانەم لەهەموو جیهاندا کۆکردۆتەوە کە ئێستا هەمە. یەکەمین شتێك ئەوەبوو داوام لێکرد کە نوسخەی رۆمانەکەی من لە پێگەکەیدا دەربکات، بە نابەدڵیەکەوە بە گوێی کردم و وتی لە ٢٩ کۆمپیوتەری دیکەدا رۆمانەکەت هەیە.

دواتر لەیەکێك لەپێگەکانی " لەهاوڕێیەکەوە بۆ هاوڕێیەکی دیکە" ٣٢٥ کاری دیکە بەچەندین زمانی جیاوازیێ پیشاندام، ئەمەش بەمانای ئەوەدێت کە لەسەدان و هەزاران کۆمپیوتەری دیکەدا هەیە. بەدڵنیاییەوە.

بەهیچ کەسێك ناڵێم چۆن بڕواتە ناو ئەو پێگەیەوە بۆ ئەوەی دژی خۆم کارنەکەم، هەروەها هەر بەتەنها رۆشتنە ناو فێری کارەکە و چەمکەکانیت ناکات، بەلام ئەگەر لەماڵدا کەسێکتان هەیە

له ١٨ ساڵ کەمتر، بەدڵنیاییەوە کۆمەڵێك گۆرانی هەیە کە لەوێوە دەستی کەوتوە، پرسیار لەکوڕەکەت یان کورەزاکەت یاخود خوشکەزاکەت بکە.
بەلام تکایە پێیان مەڵێ من ئێستا بەوەم زانیوە، چونکە وەها بڕوا دەکەن من پیربوم و ژمارەیەك خوێنەر لەدەست دەدەم.

"هیچ نهێنییەك لە سەركەوتنەكانمدا نییە"

# ڕۆماننوسی بەناوبانگی جیهانی

# پاولۆ كۆیلیۆ

---

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

سۆران بورهان

+ لەبەر چی پاولۆکویلیۆ زور سەرکەوتووە؟

- ئەمە ناونیشانی ئەو پرسیارەیە کە من زور جار لە ڕۆژنامەنوسانی دەبیستم. بەڵام ئەگەر خوێنەران بیربکەنەوە دەتوانن وەڵامی بدەنەوە. واباشتر بوو کە ئێستا لە خوێندنەوە بوستن. هەوڵەکانم بەردەوامە لە بەرامبەر وەدەستهێنانی سەرکەوتن، کتێبەکانم شێوازی جیاوازیان هەیە، لەکاتی جیاوازیش نوسراون هەندێك دەڵێن هەمووی بۆ کڕین و فرۆشتن دانراوە، باشە، دوو کتێبەکەی سەرەتام بە ناونیشانی (بیرنامەی مەگس و کیمیاگەری کۆن) پێشتر زیاتر لە ٢٥٠,٠٠٠ دانەی لێ فرۆشرا پێش ئەوەی یەکەم ڕاگەیاندنی بڵاوکردنەوەی بەدەربکەوێت. هەمان شت لە دەرەوە ڕوویدا، بڵاوکراوەکان کاتێك بینییان کە چی لە بەرازیل ڕوودەدات تەنها بە هیوای ئەوە بوون پارە بە دەستبهێنن و قازانج بکەن ئەویش لە ڕێگەی نوسەرێکی نەناسراوی بەرازیلی یەوە.

هیچ نهێنییەك لە سەرکەوتنەکانمدا نیە، بەڵام هەمیشە لەجیهاندا سێ هوکار هەیە پاڵپشتی لە یەکێك دەکەن تاوەکو خەونەکانیان بە دیبهێنن.

هوکاری یەکەم: پێویستە متمانەت بەوە هەبێت کە دەیکەێت. هەر لەو ساتەوە بڕیارمدا ژیانم لە ئەدب دا دەست پێبکەم. هەموو کارەکانی دیکەم وەلانا. وازم لە کاری نوسینی شیعری گۆرانی، نوسینی بەرنامەی تەلەفزیونی و رۆژنامەنوسی هێناو بڕیارمدا هەموو وزەی خۆم بەکار بهێنم، بەرەو ئەوە هەنگاو بنێم کە زۆر خوشحاڵم دەکات.

هوکاری دووەم: هەرگیز ناتوانی بە تەنها خەونێك بێنیتە دی. هاوبیرەکانم ئەو خوێنەرانە بوون کە هەوڵیاندا کاری نوسەرێکی نەناسراو بڵاو بکەنەوە.

لە کوتاییدا پێویستە شێوازی کەسایەتییەك بدۆزییەوە بۆ بەشدارپێکردنی خەونەکانت، لە ئەدب و لە شێواز (ستایل)... من ویستم باسی شێوازە کۆنەکان بکەم، بەڵام لە ڕێگەی بەکارهێنانی زەمانێکی نوێ. ڕەشنوسەکانم تا ڕادەیەکی زۆر سێ ئەوندەی دوایەمین کتێبم درێژتر بوون، بەڵام من زۆرم لە خۆم کرد تا بتوانم باوەڕ بە توانای خوێنەر بکەم"دیمەنەکە دروست بکەم"، هەروەها جەختم کردە سەری، لە بری کارلێکردنی نیوان ئەکتەرەکان، ئەزمون منی سەلماند.

پێویستە نوسەر ناخوشی ببینێت، ناتوانم پەی بەوە ببەم کە چەند ملیۆن خوێنەر لە سەرتاپای جیهان وا بیر دەکەنەوە کە چی دەخوێننەوە، من بۆ کەسێك دەنوسم کە خۆم بە تێگەیشتوی دەزانم، کەوتنە ئەستۆی هەر کارێکی داهێنەرانە کارێکی پڕ مەترسییە کە دبێتە جێی زۆر بە ئازارو زۆر سەرنجڕاکێش، لە لایەکەوە ترسێك هەیە لە دۆزینەوی تارماییەکانی خۆمان، لە لایەکی دیکەوە ئاشنا بوون بە خۆشحاڵییەی کە ئێمە بە پەرۆش بووین بۆی بە جیاوازی لە گەڵ ئەوەی کە بیرمان لێکردبوویەوە، هەروەها بۆ ئەوی بە پەرۆشەوە دەست بەوە بکەین، پێویستمان بە پرۆسەیەکی داهێنەرانەی دیاریکراو هەیە، ئاخۆ لە ئەدب – ئەندازە یا خود لە خوشەویستی، پرۆسەکە بە دوای سووڕی سروشتدا دەڕوات، هەنگاوی یەکەم کێڵانی کێڵگەکەیە، هەر کە خاکەکە هەڵدرایەوە، ئۆکسیجین پێیدا دەگاتە ئەو شوێنانەی کە پێشتر نەگەیشتووە، لە هەمانکاتدا ئێمە بو بیروڕایەکی نایاسایی ئامادە دەبین.

هەنگاوی دواتر تۆو چاندن دێت، بەرهەمە هەموو کارێك پەیوەندی هەیە لە گەڵ ژیان، کەسی داهێنەر ناتوانێت خوی وەلاوە بنێت، پێویستی بەوەیە کە لە گەڵ مرۆڤەکانی هاوکاری و مامەڵە بکات، هەرچەندە بە ئاڵۆزی بژیت ئەوندە زیاتر زەمانی خۆت دەدۆزیتەوە، پێویستە ڕێگە بە ژیان بدات کە خاکە بە پیتە بێ ئاگایەکەی تۆو بدات.

پاشان کاتێ پێگەیشتن دەست پێدەکات، کاتێك کارەکە بە ئازادی لە قووڵایی گیانی نوسەرەکە خۆی دەنوسێتەوە، دەزانم کەسانێك هەن کە لە ڕادە بەدەر تێبینی دەکەن لە بارەی هەموو شتێك کە لە مێشکیان دەخولێتەوە، ئەوانەش فەرامۆش دەکەن کە لێی بێ ئاگان، دەرئەنجامەکەی ئەوەیە کە بەرهەمی بیر بە هەمان شێوەی سروش پێدان دەردەکەوێت، هەنگاوی کۆتایی دروێنە دەست پێدەکات، لەو کاتەی کە خودا گیانی بە بەردا دەکات کە چاندوویەتی ڕێگەی داوە پێبگات، ئەگەر زووتر لە کاتی خۆی لێکرایەوە بەرهەمەکە سەوزە، ئەگەریش درەنگتر لە کاتی خۆی لێکرایەوە میوەکە بۆگەن بووە.لە کاتی ئێستادا هونەرمەند پێویستە شەو و ڕۆژ بێ ترس بە شێوەیەکی ڕێکوپێك کار بکات تا وەکو کارەکە تەواو دەبێت.

هەروەها پێویستە مروڤ لە گەڵ بەروبومی دروێنەدا چی بکات؟ دووبارە تەماشای دایکی سروشت بکە، ئەو هاوبەشی لە هەمووشتێك دەکات لە گەڵ هەموو کەسێك کاتێك کارەکە تەواو دەبێت، مروڤ پێویستە لە گیانی یەکێك هاوبەش بێت، بە بێ ترس و شەرمکردن.

# له ( ٦٠ ) خوله‌ك دا چاوپێكه‌وتنێك

# له‌ گه‌ڵ ( پاولۆ كۆیلیۆ ) :

# من ئه‌مه‌وێ زیندووبم هه‌تا

# ئه‌و كاته‌ی ئه‌مرم

---

**وه‌رگێڕانی له‌ ئینگلیزیه‌وه‌:**

**فاتمه‌ جه‌لال**

نوسەری بەرازیلی پاولۆ کۆیلیۆ نزیکەی ٩٠ ملیۆن کتێبی فروشتووە، ساڵی ١٩٨٨ ڕۆمانی "کیمیاگەری کۆن" بڵاوکردەوە کە نزیکەی ٤٠ ملیۆن دانەی لێفروشراو و وەرگێراوەتە سەر ٦٣ زمانیتریش، هەرچەندە زۆرجار ڕەخنەی لێدەگیرێت بو ئەو ستایلە سادەیەی نوسینەکانی لە گەڵ هاوکات بونی فەلسەفەیەکی نویّ و هاوچەرخ دا، بە ڵام هەوادارانی هەر پەرۆشی چیرۆکە پەندئامیزەکانی ئەون:

+ کتێبە تازەکەت لە بارەی چییەوەیە؟

- لە بارەی هەوڵدانە بۆ برەودان بەو بەهرانەی کە هەموومان هەمانە بە ڵام نکوڵی لێئەکەین، وەکو خەیاڵ پڵاوی‌و بەسۆزی کە هەر هەموو ئەمانە لە ڕووە میهربانیی خواوەیە.

+ دەڵێن گوایە خەڵکی بە کەمی لێی تێدەگات؟

- هەمووی نا، بە عەکسەوە،کارەکتەرە سەرەکییەکە لە بانکێك کار دەکات،کە مامەڵە لە گەڵ ناوچەیەکی گەورەی ڕاستەقینە دا دەکات، لە هەمو کتێبەکەدا من باسی شتێك ناکەم کە خەڵکێکی کەم لێی تێبگات، من باس لە سەمای دەستنوس دەکەم، کە ئەمەش لە بارەی کەسێکی ئاساییەوەیە کە مامەڵە لەگەڵ تەحەددا ئاساییەکانی ژیانی ئاسایی دەکات.

+ تۆ خۆت لە پۆرتۆبیلۆ ژیاویت؟

*بەڵێ، ساڵی ١٩٧٧من لە لەندن بوم پاش ماوەیەکی شلەژاوی و باری نائارامی، کاتێك کە بەرازیل لە ژێر دیکتاتورییەتی سەربازیدا دەژیا، تاکە ڕێگە بۆ دەرباز بوون لە بارودوخەکە ئەوەبوو کە لە وڵاتێکی بیانی بژیم، بۆیە لەندەنم هەڵبژارد چونکە شارێك بوو زۆر سیحراوی دەردەکەوت لە لام من وا ڕاهاتەبوم کە ئاسایی سروشتزا دەرئەکەوم، من پۆرتۆبیلۆم هەڵبژارد چونکە گەڕان نەبوو،خ ەڵکی ئەڵێن ئێستا زور گۆڕاوە، نامەوێت سەیری دواوە بکەم و بگەڕێمەوە دواوەو ببینم کە لە کویّ ژیاوم.

+ کتێبەکانت سەرنجڕاکێشن؟

- ئەو ڕوونکردنەوەیە قورسە بەڵام چونکە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی زۆرو هەروەها سەرنجڕاکێشن لای خەڵکی لە ڕووی پیشەیی و کلتورییەوە، من کتێب بو خۆم ئەنوسم، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا هەموو مرۆڤەکان هاوبەشن لە هەمان پرسیاردا، تەنانەت ئەگەر هەمان وەڵامیشیان نەبێت، بۆیە وا بیردەکەمەوە کە ئەمە وایکردبێت لای زۆرێك لە خەڵك سەرنجڕاکێش بن، ئەمەش ئەوە

ناگەیەنێ من وەڵامی خەڵکم لە لابێت، بەڵکو ئەوە شتێکە بوو زیاتر تێگەیشتن لە خۆم نوسیوومە.

+ تا چەند گوێ بەوە ئەدەیت کە ڕەخنەگران ئەیلێن؟ هەندێکیان زور بێ بەزەیین!

- نا، ئەوەم لە لا ئاساییە، ئەوش بە ئیشی خۆم نازانم کە ڕەخنەگران بگرمەوە، ئاساییە ئەگەر ڕەخنەم لێ بگیرێت، ئەو مەسەلەیەکی گرنگ نیە.

+ بڵاوکراوەکانی خۆت ئەخوێنینەوە؟

- ئۆوو ، بەڵێ، هەر هەموویان بەڵام، بەلامەوە گرنگ نیە هەر چی بوترێ، من کە کتێبەکانم ئەخوێنمەوە، وەك ئەوە وایە کە کتێبی خەڵکیتر بخوێنمەوە، بە شەخسی بۆ مەسەلەکە ناڕوانم، خێزانەکەم دڵگران بوون، بەوەی کە من دەمەوێت ببم بە هونەرمەند بۆیە ئەوان منیان خستە پەیمانگەیەك کە توشی شوکێکی سروشتی بووم.

+ ئەوەت بەلاوە چون بوو کە وەکو باشترین فرۆشیاری کتێب دەرکەوتیت لە ۲۰۰۳دا؟

- ئەوە بەشکی مەعنەوییە، من پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی پتەوم نییە لەگەڵ خوێنەرانم دا، تەنها لە فەزای خۆم و ماڵپەرەکەم و کاتی ئیمزاکردندا لە گەڵیانم، من وەکو ئەکتەرێك یان موسیقارێك نیم کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆم هەبێت لە گەڵ بینەرەکەیدا، کاتێك کە سەدان و سەدان خەڵك ئەبینم لە ئێمزاکردنێك دا، وەکو ئەوەی کە لە بەریتانیا کردم لەم دواییانەدا، ئەوەم بە بیرهاتەوە کە من بە بە تەنها نیمو خەڵکی تا ڕادەیەك لە دڵم تێدەگەن، کاتێ کە تۆ وتت گوایە من نزیکەی (۱۰۰)ملێون کوپییم فرۆشتووە کە ئەمەش مانای وایە کە من (۳۰۰)ملێون خوێنەرم هەیە کە ئەمەش شتێکی مەعنەوییە.

+ تۆ هەوڵت داوە هێزی خوت بە هەڵە بەکار بهێنیت؟

- من بو خۆم ئەنوسم، ئیتر چۆن ئەتوانم کاریگەری باش یان خراپم هەبێت لە سەر خەڵکی؟ خوێنەرانی من زۆر چاك ئەزانن کە من لە هەوڵی ئەوەدانیم کە هیچ فێری ئەوان بکەم، ئایا هێنری میللەر کاریگەرییەکی خراپی هەبووە لە سەرم؟ نا، بەڵکو من تەنها کتێبەکانی ئەوم ئەخوێندەوە.

+ ئایا هەوادارانت شتت بۆ ئەنێرن و تووشی باری نائاساییت بکەن؟

- به پێکەنینەوە، شتی وەکو بۆمبا، نا نەخێر هەندێ جار ئەوان پەڕی سپیم ئەدەنێ لە ئیمزاکردن داو عادەتیش وایە کە من کتێبێك تەواو بکەمو پەڕێکی سپی وەرگرم بەڵام پێویستە من خۆم ئەو پەڕە سپی یە بدۆزمەوە.
+ تو ملیۆنەها کتێبت فرۆشتوە، ئایا ئەو پارە نەقدانەت لە چیدا بەکار هێناوە؟
- خۆشی من لە سەفەرکردنم دایە، بەڵام بڵاوکراوەکانم ئەو پارەیەم بۆ ئەدەن لە کاتی گەشتکردندا، بۆیە کتێبەکانم بەشی مەسروفاتی خۆم دابین ئەکەن، بەوەی کە کاری سەرەکی من ئەو پەیمانگایەیە کە هەمە لە رۆدیۆ جانیرۆ بۆ چاودێریکردنی منداڵو لە هەوڵی گەورەکردنیدام، تاکو بتوانێ پاڵپشتی ٨٠٩ منداڵ بکات، ئێمە لێرە ئاگامان لە منداڵ ئەبێت هەر لە دایك بوونیەوە هەتا ئەبێتە ١٦ساڵان، ئێمە فێریان ئەکەینو خواردنیان پێئەدەینو خوشەویستییان بۆ دەرئەبڕین، ئێمە هەموو ڕۆژێك ئیش لە سەر ئەو پڕوژەیە ئەکەین، هەروەها پاڵپشتی ئەوانەش دەکەین کە لە رووی دەروونیەوە نەخۆشن چونکە من خۆم لە پەیمانگایەکی دەروونی بووم کاتێ کە ١٧ساڵانە بووم.
+ هەر چەندە تو شێت نەبوویت؟
- نا، خێزانەکەم لە بیری ڕەفتاری مندا بوون، چونکە من ئەمویست ببم بە هونەرمەند، بۆیە منیان خستە پەیمانگایەك چونکە ئەوان وا بیریان ئەکردەوە کە کەس ناتوانێ ژیانی بە نوسین دەستەبەر بکات، من ئێستا پاڵپشتی (لێبوردنی نێودەوڵەتی) ئەکەم لە گەڵ پرۆژەی مافی مرۆڤ.
+ ئایا سەرزەنشتی خێزانەکەت ئەکەیت؟
- هەرگیز نا، ئەوان ئەیانویست کە ئازاری من بدەن و ئەوە بە تەواوی جیاواز بوو کە یەکێك لەو کاتەدا دەستگیر بکرێت و ڕەوانەی بەندیخانە بکرێت بە هوی شکستی سیاسیەوە، من بەو قوناغەشدا تێپەر بووم، بۆیە خێزانەکەم وا بیریان ئەکردەوە کە ئەوان هاوکاری منن.
+ هێشتاش شانازی بە تیرهاوێژیەوە ئەکەیت کە ئیشی هەموو ڕۆژێکتە؟
- هەمو رۆژێك پیاسە ئەکەم دوای ئەوەش تیرهاوێژی، من خانوویەکی بچوکم هەیە لە - پێرسنیس، رۆژی سێ جار تیرهاوێژی ئەکەم، ئەوە وەکو جۆرێك لە - میانگیری - وایە. ئەمە هەر

بۆ پێکانی هەدەفەکە نیە، من ئەڵێم کە هێشتا لە - شەش - لە - دە - دام، من زۆر دەمێکە پێوەی مەشغوڵم.

+ ئایا بەتەمایت بگەیتە - ١٠-؟

- ساتێك دێت کە تۆ - دە - بەدەست ئەهێنی کە ئێستالە -٦ - دام، من سوپاسگوزارم کە ئەتوانم کەوانێك هەڵگرم لە دەستەکانمدا وە - تیر- ێك بهاوێم.

+ فەلسەفەی ژیانت چییە؟

- خەڵکانێکی زۆر هەن کە مردوون کە چی هێشتا لە ژیاندان، من ئەمەوێ زیندووبم هەتا ئەوکاتەی ئەمرم، هەندێکجار تۆش خۆت دسبەرداری جۆش و خرۆشە ئەکەیت لە پێناوی ئاسوودەبونتدا .

# خاوەنی ـ کیمیاگەر ـ  بۆ

# شەرقولئەوسەت:

# ئەگەر شتێکت بوێت ئەوە هەموو جیهان پیلان دادەنێت بۆ بەدەستهێنانی

---

**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:**

**هەندرێن مەحمود**

له کورێکی شەرەنگێزەوە لە سەرەتایی گەنجیتی دا بۆ بە نوسەری گۆرانی نیشتیمانی، پاشان بۆ ڕۆژنامەگەری‌و ئەو نوسینەی کە ئاسودەیی پێ بەخشی و لایەنی ئارامی تێدا بە دەستهێنا، هەر وەك دەڵێت، تۆ ناتوانێت کە ئاسایی بیت لە ژیاندا، یەکەم حەجی لە ڕێگای سانتیاگۆوە دەستپێکرد ،کە ئەویش حەجێکی ئیمانی کۆنە، بۆ ئەوی لە کتێبی یەکەمیدا ئەزموونەکەی تومار بکات بە ناوی ـ حەج ـ هەروەها ئەزمونی دوومی لە کتێبی ـ کیمیاگەر ـ دا تاقیکردەوە کە ناوبانگی تێدا بە دەست هێنا. هەروەها کارەکانیتری بە درێژایی دە ساڵ بە دوای یەکدا ئەنجامدا بۆ بە دەستهێنانی ئاستی دووەم لە لیستی کتێبی زورترین فروشراودا بە گوێرەی گۆڤاری ـ البر ـ کە ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەبویەوە لە ساڵی ١٩٩٩کە لیستی فروشراوی باوەڕپێکراو لە سەرانسەری جیهان ٢١٠ وەرگێڕاوی کتێبەکانی کە ٤٣ ملیۆن کۆیی لێفرۆشتووە بۆ ٥٥ زمان لە ١٤٠ وڵاتدا. کۆیلیۆ ئەوسامانەی بە دەستیهێنا خستیەگەڕ بۆ دروستکردنی پەیمانگای ـ پاولۆکویلیۆ ـ بۆ یارمەتیدانی خەڵکی فەقیری گەلی بەرازیلی، بە تایبەتی منداڵ و پیرەکان.

وەکو دیارە ئەو چاوپیکەوتنەی کە ـ شەرقول ئەوسەت ـ لە گەڵیدا ئەنجامی دا بۆ ئامادەبونی ئاهەنگێك بە بۆنەی وەرگێرانی کۆتا رۆمانەکەی بۆ ئینگلیزی، لە هەموو شتێك زیاتر شانازی بەو پەیمانگایەوە دەکات.

کۆیلیۆی خوێنەر کاریگەری ڕۆشنبیری عەرەبی دەزانێت ، ئەوەی کە زۆر پێچەوانەیە لە رۆمانەکەی کیمیاگەر دا کە زۆربەی چیرۆکەکانی لە سەر دوو کەشتیوانی ئاسمانی عەرەبین ـ مەغرب و میسر ـ

بەڵام ئەوی ئێمەی سەرسام کرد فەخری دوانەهاتوی ـ کۆیلیۆ ـ بوو بەم ڕۆشنبیرییە لە و کاتەوەی ـ الف لیلە و لیلە ـ ی خوێندبوویەوە، نەوەك لە بەر چیرۆکە سەیرەکانی بە لکو لە بەر دێڕێکی جیاوازی سروشت کە ژیانی پێبەخشی.

پرسیاری لێ دەکەین ! لە و کاتەی کە ڕۆشنبیری عەرەبی ـ ئیسلامی پێکەوە هەبێت بەرامبەر پێشبڕکێیەکی جیهانی، تۆ دەنوسیت‌و قسە دەکەی لە سەر هاوڕێ عەرەبەکان‌و ڕۆشنبیری عەرەبی، پێمان وایە کە تۆ ئێستا تاکە کەسی باوەڕداری لە جیهاندا کە پێتوایە عەرب ڕۆشنبیرییەکی هەیە بە حیکمەت ئامۆژگاری دەکات.

وەڵامان دەداتــەوە! تەماشـای هەنـدێ بەشـی کتـێبی عـەرەبی کـرد لـە ڕێگـای مـامۆسـتایەکی بەرازیلی کە لە بەر خولیای بۆ ڕۆشنبیری عەرەبی و ئیـسلامی نـاوی خـۆی گـۆڕی بـۆ نـاوێکی عەرەبی کە ئەم کتێبانە یەکەم کتێبن کە لە دەرەوەی کلتـووری بـەرازیلی بیانناسـم، مـن تـەنها کەسێك نیم کە نرخی ڕۆشنبیری عەرەبی و ئیسلامی بزانێت کە دەبێتە هوی ئیلـهامی گـەورە، ئەم ڕۆشـنبیرییە دەسکەوتی گەورەیە بۆ ئێمەو جیهان تێدایە لە زانست و فەلسەفە و پزیـشکی و زانست و ئەدب.

بە نیسبەت منەوە بە شێوەیەکی فراوان ئەو ڕۆشنبیرییە منی دروست کـردوە لـە و کاتـەوی کـە هەرەزەکار بووم، ڕۆمانی کیمیاگەریشم لێوانلێوە لە ڕۆشنبیری عەرەبی.

ئەوەی زیاتر لە ڕۆشنبیری عەرەب سەرنجی کۆیلیۆ ڕادەکێشێت، پێکەوە ژیانەکەیەتی، ئەوەی کە نهێنی و شاراوەیە تێدا شتێکی سۆفیگەری هەیە لە ژیاننامە کەسێتی و کارەکایدا، ئەوەی پێی دەڵێن، ئەویش لە گەڵمان ڕێك دەکەوێت کە هەوڵدانێکی گیانی هەیـە ناتوانرێـت نـاو بنرێـت، هەوڵدانێك بۆ دڵسۆزی هێزی گیانی بە هێزو شاراوە لە مروڤێکدا.

گەڕان خۆی لە خۆیدا دۆزینەوەیە، تاقیکردنەوەیە لە هەمانکاتدا بۆ ئە هێـزە شـاراوە و نادیـارە جێگیرە لە ناخماندا بەڵام ئـەوە بـەس نیـە، ئێمـە دەبێـت بڕیاربـدین ئەگـەر بمانـەوێت شـتێك بـە دەستبێنین، هەمـوو جیهـان پـیلان دادەنێـت بـۆ یارمـەتی دانمـان لـە بەدەسـتهێنانی، کۆیلیـۆ: دەڵێت: ئەوە شتێکی پێویستە کە لە هەمو ڕۆمانێکدا دووبارە بێتەوە کیمیاگـەر، و ئـەوەی لـە ژیانی کەسێتی خۆیدا بە دەستهێنا، هەروەك وتی: لـە تەمـەنی ٣٩ سـاڵیدا کاتێـك بڕیـاری دا ببێت بە نووسەر، هەموو جیهان پیلانی دانا یارمەتی بدەن بۆ بە دەستهێنانی خەونەکەی.

کتێبی یەکەمی تۆماری ئەو تاقیکردنەوەیە بوو کە بۆ هەتا هەتایە ژیانی گۆڕی: لە بـارودۆخی ژیانێکی خۆشدا بووم لە هەموو ڕوویەکەوە، بەڵام ئاسوودە نـەبووم، هەسـتم بـە کـەمی دەکـرد، نەمدزانی ئەو شتە چیە؟

ئەو ڕۆژە بڕیارمدا شتێك بکەم، شتێك کە دڵنیایم بۆ بگێڕێتەوە وازم لە هـەموو شـتێك هێنـا، لە گەڵ هاوسەرەکەم ڕۆشتم سەرانسەری دونیا بگەڕێم، مامەوە دڵنیایی خوازراو لە دەست بدەم، نازانم چۆن لە ناکاو بڕیارمدا هەستم بە گەشتی حەج بۆ مەزاری قەشە ـ جاك دوکومبوسـتیل ـ کرد، ٤٦ ڕۆژ ڕێم کرد لە باشووری فەرنساوە بـۆ ئیـسپانیا دوای گەشـتەکە هەسـتم کـرد کـە

باوەڕی کاسۆلیکی خۆمم گێڕایەوە، لە سەر ئەم تاقیکردنەوەیە دەستمکرد بە نووسین و ناوی یەکەم کتێبم نا ـ حەج ـ.
ئەم دەربرینە مانای ئەویە، هەروەك دەڵیت، کاری داهێنان لە خۆیدا لە حاڵەتی منداڵبونی ئافرت دەچێتو هەموو ئەو خۆشی و ناخۆشییەی بۆ ئەو کەسانەی لەم موعجیزە مرۆڤایەتیەدا بەشداری دەکەن، بەڵام شتێکی سانایە، پیرۆزی لە لای ئەو ئەوەیە تەماشاکردنی ڕۆژنامەیە هەروەك نهێنییەکی شاراوە بێت.
هەروەها ئەوەش لایەنی منداڵی و لایەنی مێینەیە یا خود ڕەگەزی نێرینە.
ئەوی هەوڵی بۆ دەدات لە کۆتا ڕۆمانەکەی کە بە دوای مانای خوشەویستی و ڕەگەز دادەگەرێ و خاڵی دووری نێوانیان، و ئەو ڕۆمانە زۆرتر لە کارەکانیتری نزیك دەبێتەوە، کە بە ڕاست ناوی بنێن، سەرەرای ئەوە شتێکی سیحراوی ناڵێت هەروەها سانایی تیدایە هەروەك خوی دەڵێت.
کۆیلیۆ: ئایەتیك لە قورئانی پیرۆز منی کرد بە نووسەر
ڕۆماننوسی بەرازیلی پاولۆکۆیلیۆ دەڵێت، ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز مەبەست و سووربونی ئەوی زیاتر کردەوە لە نوسین، هەروەك بووە بە نوسەر ئێستا، بەڵام ئایەتێکی بە تەواوەتی لە بیرنەماوە، بەڵام ئەو کەسە میسریەی کە لە گەڵدا قسەی کردبوو لە تەنیشت هەرەمەکان دربارەی نائومێد بوونی لە نوسین بە بێ وەستانەوە و بە بێ ئەوەی بڵاوکراوەیەك پەیوەندی بکاتو پەیمانی بڵاوکردنەوەیەك لە کتێبەکانی بدات لە ناکاو هاورێ میسریەکە ئایەتێکی لە پێشمدا بە عەرەبی خوێندەوە و دواتر وەریگێرا هەستم بە مەبەستێکی نائاسایی کردەوە ئەوە سوور بوونی منی زیاتر کرد لە نوسین.
شەرقول ئەوسەت پرسیاری لە کۆیلیۆ کرد، ڕای ئەو دەربارەی لیژنەی خەڵاتی نوبلە هۆکاری ئەوەی خەڵاتی نوبلی وەرنەگرتەوە تاکو ئێستا کە مەوقیعێکی سلبییە بۆ خودی ئەو، وتی : بە پێچەوانەوە ئەوان کەسایەتیەکی پیشەگەرنو ئێمە هەموومان باوەڕمان بە هەڵبژاردەکانیان هەیە، دەربرینەکەی پشت ڕاست کردەوە.
کۆیلیۆ نەهی لەوە کرد کە ببیتە ڕێگر لە منداڵبووندا، هەروەها ئەو دوو جار ژنی هێناوە و ئێستا بە بێ منداڵ ماوەتەوە هەروەها وتی: زۆر ئاساییە منداڵم پێنەبخشراوە، من هیوای ئەوە دەخوازم و دووپاتی کردەوە کە ئەگەر ئەو قەبارەی سەروەت و سامانەکەی نازانێت ـ من بە

ملێونەها کتێب دەفرۆشم زیاتر لە ١٥٦ولأات بەڵام حیسابی سودو زیانی ناکەم، هەر لە بەر ئەوە یە نازانم چەندم هەیە، نەخێر من ملێونەرێکی گەورە نیم، بە ڵکو ئلسودەم.
رۆماننوسی بەڕازیلی بە بیری هاتەوە کە ئێستا پەیوەندی دەکرێت بە گۆڕینی چیروکی ـ کیمیاگەر ـ بۆ فیلمێکی سینەمایی، هەروەك بە بیرم هێنانەوە هەواڵنێری هۆلیوود پرسیارێکی کرد کە گۆرانیبێژی ئەمریکی ـ مادونا ـ هەڵدەسێت بە رۆڵی قەرەچێك کە بەرزی دەخوێنێتەوە بۆ هەر کەسێك پێی خۆش بێت.
شەرقول ئەوسەت پێی ڕاگەیاندن کە ئەوان لە ناوچە عەرەبیەکان هەڵدەسن بە بە نوسینی فامیلەکەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، هەتاوەکو لە وەرگێرانی کتێبەکانی بۆ عەرەبی دەیکەن بە کۆیلو، لە جیاتی کۆیلیۆ،کە بەمانای ڕۆشتو دێت، و تی: ئەوە سەیرە من :کۆیلیۆم نەوەك ـ کۆیلۆ ـ .

## پاولۆ کۆیلیۆ:

# ژیان زۆر لەوە ئاسانترە کە تۆ بیری لێدەکەیتەوە

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:
نەشمیل خالید

بروام وایه....
هەر کاتێك بمەوێت دەست بە نوسینی کتێبێك بکەم پێویستە چاوەڕوانی دەرکەوتنی پەڕێك بکەم، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ کتیبی یەکەمم واتە، پێم وانەبوو کە وابێ دەست بە نوسین بکەم بۆیە بە خۆمم گوت ـ گەر خودا مالێکم بداتێ دەست بە نوسین دەکەم ـ هەر لەو کاتەدا پەرێکی لە پەنجەرە کراوەکەی دوکانەکەدا بۆ ڕەوانە کردم.
بە چاوپیاخشاندن بە ئینتەرنێتەکەدا کاتێکی زۆر زۆرم بەسەربرد، من لە رۆژێك دا پێویستم بە زیاتر لە یەك کاتژمێر نیە بۆ ریکخستنی هەمو ئەوشتانەی کە پێویستم پێیانە، بەڵام زیاتر وەکو سێ کاتژمێرێکم بەسەر برد.
پێویست بوو بچمە پیاسە، سێ مانگ ڕێ بکەم بۆ ئەوی لەم خوو گرتنە ڕزگارم بێ.
من بێ بسکیت چارە سەری کارەکانی خۆمم پێ نەدەکرا.
چاوەروانی ئەو کاتە دەکەم کە وا لە شەودا پاڵکەوم و بسکیتی بەکەرە داپۆشراو بخۆم.،من حەزم لە تامەکەیەتی، بەرکەوتن و دەنگەدەنگەکەی هاوسەرەکەم زۆر توورە دەکات.
گرنگە کە بەرامبەر هەڵەکانم داوای لێبووردن بکەم، من پەشیمانم لە ئازاردانی هەندێ کەس لە ڕابردوودا، لە بەر ئەوە لیستێکی درێژم ئامادەکردەوە بۆ هەر کەسێك کە دڵگرانم کردەوە، هەر یەکەیانم دۆزیوەتەوە پێموتووە، ئەوە دوو ساڵی دەوێ.
گۆرانی بێژەکان لە کونسێرتەکاندا ڕووبە ڕوو بونەوەیەکی بەردەوامیان هەیە لە گەڵ جەماوەرکانیان، نوسەر ئەوەی نیە، لە کاتێك دا نزیکەی سێ سەد ملیۆن کەس کتێبەکانی منیان خوێندوەتەوە، تەنها خوێنەرێك کە بیناسم خۆمم بۆیە من تەنها بۆ خۆم دەنوسم.
یەکێك لە خراپترین هێماکانی دڕندە ئەو تاکانەن کە هەمیشە دڵنیان لەوەی کەڕاست ئەکەن، ئەو کەسانی دەڵێن من راستییەکە دەزانم.
هەر کەسێك لە ڕێگای ماڵەوە پەیوەندێکی کەسی هەیە لە گەڵ گەردووندا، ڕەنگە تۆ ئەمە بە ژیری ناو ببەی بەڵام ئەمە هەر ئەو ئەلف و بێ یەیە کەپێویستە خۆت فێری ببیت، تۆ ناتوانیت پشت بە ماڵی خەڵکی ببەستیت.

له ڕۆژدا بەر لەوەی دەست بە هیچ کارێك بکەم پێویستم بە ڕێکردنە، ئەوە بۆ مـن زۆر گرنگـە، گرژیەکەم هێمن دەکاتەوە، ئاسایی بە لایەنی کەمەوە نیوسەعات بە پێ دەڕۆم بەبێ وەستان، له کوێ دەڕۆم، گرنگ نیە بەڵام بە باشتری دەزانم گەر ترافیك لایتی زۆر نەبێت.
ژیان زۆر لەوە ئاسانترە کە تۆ بیری لێدەکەیتەوە، تۆ پێویست ئامانجێکت هەبێ بەڵام لە هەمان کاتدا پەلە ت نەبێ، خۆشی لە گەشتەکەت وەربگرەو هەمیشە رێزی ڕێگاکەت بگرە.

پیاوە سپییە بەڕازیلییەکە

# یەکێك لە پڕ بەرهەمترین

# نوسەرەکانی جیهان

---

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

کەژین جەمال

ئەگەر گەشت نەکەم، لـە یـەکێك لـە خانوەکـانم لـە جێفـا، پـاریس یـان رۆدیوجـانیرۆ، لـە خـەو هەڵدەستم، ریۆدوجانیرۆم بەلاوە زۆر خۆشە، ئاسایی لە ٩یان٩:٣٠ی بـەیانی بـە حەوسـەڵەیەکی زۆرەوە لە خەو هەڵدەستم، ئەگەر بە خراپی لـە هـەو هەسـتام ئـەوە نیـشانەیە کـە ئـەو ڕۆژە بـەو شێویەی کە پێویستە باش ناڕوات بەڕێوە، هـەروەها هاوسـەرەکەم ـ کریـستینا ـ ی نیگـارکیش لەبەر سەرقاڵی بە کارەکەیەوە گەشتی زۆر ئەکات، لە بەر ئـەوە بـە زۆری بـە تـەنهام، ئاوێـك بـە خومدا دەکەم پاشان خۆم دەگۆڕم، هەمیشە جلی ڕەش لەبەر دەکەم، کراس و پـانتولێکی ڕەش، لەوانەیە بلوزێکی ڕەشی قوڵدار هەرچەندە هەندێك جار سپی لەبەر دەکەم.

نانی بەیانی باشترین ژەمی ڕۆژەکەیە بـە لامـەوە، قـاوەی ڕەش و ڕۆنـی زەیتـون لـە گـەڵ نـان و گوشراوەی پرتەقاڵ دەخۆم.پاش ئەو بۆ ماوەی نیو کاتژمێر پیاسە دەکـەم، لەگـەڵ دوو گۆچـاندا هەر کام و لە دەستێکەمدا، خەڵکی سەرنجم دەدەن.

هەندێك دەڵێن: ئەو پیاوە شێتە!

هەنـدێکتر دەڵـێن: وەك پاولۆکۆئیلویـە! بـەڵام کـە بـە پەلـە پیاسـە دەکـەم دەسـت دەکـەم بـە بیرکردنەوە، هەرگیز ئەوان بێزارم ناکەن.

پاشان دەگەڕێمـەوە ماڵەکـەم و دەچـمە بـو سـەر ئینتـەرنێت، لـە پێـشدا ئیمەیلـە پیـشەییەکەم دەکەمەوە، دەبێت ئەم چاوپێکەوتنە ئەنجام بدەم ؟یان نا ؟ دەبێت ئەم بانگهێشتە قـەبوڵ بکـەم ؟ یان نا؟ دوای دەرۆم بۆ وێباسیتەکەم، پاشان بۆ پەیجەکەم لە لە سەر فەیس بـوك ـ ٨٥٩-٤٠٧١ ـ ئارەزومەندم هەیە، سێ کاتژمێرەکەیتر بە قسەکردن لە گەڵ خەڵك، ناردنی مایك و گفتوگۆی بیروراکان بە سەر دەبەم لە گەڵ رابواردنی ئەو پەیوەندییانەی کە دەتوانی هەتبن، نیوەڕۆ نانێکی سوك دەخۆم، هەمبەرگرێك یان ساندوێچێکی پەنیر، ٢٠ بۆ٤٠خولـەك نیـوەڕۆ خـەوێك دەکـەم، کاتێك لە خەو هەڵدەستم دەچمەوە سەر ئینتەرنێت من کەلووی گوڵەگەنم بۆیە کۆمپیوتەرەکەم زور باش ڕێکخراوە.

دەوروبەری شەشی ئێوارە وەرزەشی تیر هاوێژی دەکەم کە بـە شـداری دەکـات لـە هەشـت جولـە پێش هاویشتنی تیرەکە بە شێوازێکی زور نەریتی، پاشان لە ٦:٣٠ خولەکی ئێوارەدا نێـردراوی جیهانی بەرگری کردن لـە گـەڵ دەخوێنمـەوە چـونکە بـۆ مـن هەمیـشە نـانی ئێـوارە ئاهـەنگ گێرانێکە، گرنگە فیزیکی و جوان و روناکی بێدەنگم هەبێت، خزمەتکارێکم هەیـە هـەموکات

هاوکاریم ئەکا، ئەگەر هاوسەرەکەم لەویٚ بێت نانی ئێوارە بـە یەکـەوە دەخـوێن، بـەڵام مـن زۆر هەست بە ئاسودەیی دەکەم لە گەڵ خۆمدا، هـیچ کێـشەیەکەم نیـە ئەگـەر بـە تـەنیا بـەم، بـەس ئەگەر زۆرم لێکرا دەچمەوە بۆ نانخواردن، پارەیەکی زۆرم بە دەستهێناوە کە ئازادیت دەداتیٚ بـو ئەوەی سادە نێت.

پێش نوستنی شەو ئەخوێنمەوە، ئەوە بەتامترین کاتـە بـۆ خوێندنـەوە... چـاو لـیٚ: ئـەنێم و وردە وردە ئەنووم ... کاتیٚ هەستام لە خەو نوێژ دەکەم، نوێژێکی تایبەت(بانگـەوازی مـاری و باوکـە ئۆو)و کاتیٚ دەچمە ناو جێگەوە نوێژدەکەم. نوێژەکانم زور گەرنگن.

ـ خوا ناهێڵێت وێڵ بم ـ بە هوی ناسراویەکەمەوە دەتوانی بـە پرسـیاری بیهێنیتـە پـێش چـاوی خۆت، بە ئاسانی دەتوانم کونگرەی کارخانەکان سازبدەم بە ورێگەیـە پارەیـەکی زور بـە دەسـت بهێنم، بەڵام هەستانەکەم پێویست بکات ئەوە بکەم، هەسـت دەکـەم جیهـان وردەم بـەر ئـەدات دەکات لەوەی کە لە کتێبەکاندا هەیە، بەڵام وابـزانم خـەڵکی لـە لایـەن خۆیانـەوە دەسـەڵاتیان پێدراوە من پێویست ناکات هیچ شتێك فێری کەس بکەم.

# سێ کورتە چیرۆکی
# پاولۆ کۆیلیۆ

---

**وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:**
**هێمن مەحموود**

# زمانێك خاڵی لە وشە

جارێکیان، لەزستانی ساڵی ١٩٨١دابوو، خۆم و ژنەکەم بەکۆڵانەکانی شاری پراگدا دەگەڕاین وسەرنجی پیاوێکمان دەدا کە وێنەی باڵەخانەکانی چواردەوری دەکێشا. سەرەڕای ترسی خۆم لەهەڵگرتنی شمەك لەکاتی سەفەرەکانمدا (چونکە بەنیازبووم سەفەر بۆ شوێنێکی دیکە بکەم)، بەڵام یەکێك لەو تابلۆیانە دیلیکردم و ناچاریکردم بیکڕم. کاتێك پارەکەم دەدایە دەستی پیاوەکە و سەرنجمدا دەستی رووتە سەرەڕای ساردی هەواکە (پلەی گەرما لەژێر پلەی سفرەوە بوو). لێم پرسی (بۆچی دەستکێشت لەدەست نەکردووە).

(بۆ ئەوەی بتوانم قەڵەم بگرم) و کەوتە باسکردنی شاری پراگ لەزستاندا کە جوانترین وەرزە لەلای ئەو بۆ ئەوەی وێنەی ئەو شارە بکێشێت. ئەوەندە دڵخۆشیش بوو بە ئەنجامدانی کارەکەی بریاریدا کە پۆرترێتێك بۆ ژنەکەم بکات بێ بەرامبەر.

ئەو کاتەی کە من چاوەڕێم دەکرد پۆرترێتەکە تەواو بکات، سەرنجی رووداونی شتێکی سەیرم دا، ئەویش ئەوە بوو کە ئێمە نزیکەی ٥ خولەك قسەمان کرد بێ ئەوەی کە یەکێکمان توانای قسەکردنی هەبێت بەزمانی ئەوی دیکە.

ئێمە خۆمان ناچارکردبوو کە لەیەکتری تێبگەین ئەویش لە رێی هێما وتەعبیرەکانی دەموچاو وپێکەنین و ئارەزووی بەشداریکردن مانەوە. ئەم ئارەزووە سادەیە بۆ بەشداریکردن ڕێگای بۆ خۆشکردبووین کە لەجیهانی زماندا رۆبچین بێ ئەوەی پەنا ببەینە بەر وشەکان، بەجۆرێك هەمووشتێك ئاشکرا بوو و بچووکترین موجازەفەش نەبوو بۆ روودانی خراپ حاڵیبوونێك لەیەکتری.

# یەکەمین گوناه

یەکێکی خەڵکی مەغریب هات بۆلام وچیرۆکێکی سەیری بۆ باسکردم لەبارەی تێروانینی چەند هۆزێکەوە سەبارەت بە یەکەمین گوناه. حەوا لەبەهەشتا پیاسەی دەکرد، شەیتان بەرەو رووی هات وپێی وت(ئەم سێوە بخۆ). حەواش رازیی نەبوو بیخوات (چونکە خودا فەرمانی پێکردبوو کە نەیخوات). شەیتان هەر سوور بوو لەسەر قسەی خۆی(ئەم سێوە بخۆ بۆ ئەوەی جوانتربیت لەلای پیاوەکەت)

حەواش وتی(پێویست بەوە ناکات، چونکە جگە لەمن هیچ ئافرەتێکی دیکە نییە).

شەیتانیش پێکەنی(بەدڵنیاییەوە ئافرەتی دیکە هەیە).

لەبەرئەوەی کە حەوا باوەڕی پێ نەدەکرد، شەیتان بردییە سەر لوتکەی شاخێك کە لەوێدا بیرێك هەبوو. حەوا خۆی چەماندەوە و وێنەی ئافرەتێکی زۆرجوانی لەناو ئاوی بیرەکەدا بینی، وهەر لەوێدا ئەو کاتە ئەو سێوەی خوارد کە شەیتان پێشکەشی کردبوو. بەپشت بەستن بە بیروباوەڕی ئەو هۆزانە، ئەوانەی کە سەیری بیرەکە دەکەن ودەزانن ئەو وێنەیەی کە تیایدا دەیبینن هیچ نییە جگە لەوێنەی پێچەوانەی رووخساری خۆیان، دەگەڕێنەوە بۆ بەهەشت.

# ئەرکێکی پیرۆز

ڕۆژێکیان لە نیویۆرك بووم، درەنگ خەبەرم بویەوە بۆ ئەو کۆبوونەوەیەی کە بڕیاربوو ئامادەی بم، کاتێك هاتمە خوارەوە بینیم پۆلیس ئۆتۆمبیلەکەمی بردووە، درەنگ گەشتم، خواردنەکەش کاتێکی زۆری برد. بەپەلە چوم بۆ فەرمانگەی هاتوچۆ بۆ ئەوەی غەرامەکە بدەم کە پارەیەکی زۆربوو. ئەو تاك دۆلارییەم بیرکەوتەوە کە ڕۆژی پێشتر دۆزیبوومەوە وهەستمکرد پەیوەندییەکی شێتانە لەنێوان ئەو تاك دۆلارییە و هەموو ڕوداوەکانی ئەم بەیانییەدا هەیە کە بەسەرمدا هاتوە:

ڕەنگە من بەرلە کەسی شیاو دۆزیبێتمەوە، یان لەوانەیە لەڕێگای ئەو کەسەدا هەڵمگرتبێت کە دوێنی پێویستی پێی بووە. دەبوو لە کۆڵ خۆمی بکەمەوە.

سواڵکەرێکم لەسەر شۆستەی شەقامەکە بینی و تاك دۆلارییەکەم پێی دا، وادەردەکەوێت کە کارەکەم ڕاستکردۆتەوە.

سواڵکەرەکە وتی (ساتێك بوەستە، من سواڵکەر نیم، بەڵکو شاعیرم).

لیستێکیشی پێدام کە ناونیشانی چەندین قەسیدەی تیادابوو بۆ ئەوەی یەکێکیان هەڵبژێرم.

وتم (زەحمەت نەبێت هەرە کورتەکەیان، چونکە پەلەمە).

شاعیرەکە سەیرێکی کردم وتی: ئەم قەسیدەیە هی من نییە، بەڵام جوانە، ئەوەتا دەڵێت( تەنها یەك ڕێگە هەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ بزانێت کە ئایا ئەرکەکەی بەجێ گەیاندووە لەم سەر زەوییەدا یان نا: ئەگەر تۆ تا لە ژیاندا مابیت ئەوە مانای وایە کە تۆ هێشتا ئەرکەکەت تەواو نەکردووە).